دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٠٩، هەینی ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی هەتاوی، ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com



**پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری،**
**لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی حەزرەتی محەممەد (د.خ)**


بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی حەزرەتی محەممەد،
پێغەمبەری موسوڵمانان (دروودی خوای لێ بێ) پیرۆزبایی لە هەموو موسوڵمانان بە تایبەت خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەم. لەو ڕۆژەدا ئاواتەخوازم باوەڕمەندان بە ئایینی ئیسلام و هەموو ئایینەکانی دیکە لە ئاشتی و برایەتیدا بژین و سەپاندنی هەر چەشنە توندوتیژییەکی ئایینی نەمێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
٢٦ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی هەتاوی




دوکتور شەڕەفکەندی: ئینتلێکتوێلێکی خەباتگێڕ

٤




دارمانی ئەخلاقی کۆمەڵگا لە سایەی نەگبەتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا!

٦



ئەم گەلە قەت نانەوێ


٨



دیمانەی کوردستان

١٠

# نزیکبوونەوە لە هەڵدێر



بەرنامەی پڕکێشمەکێش و تێچووهەڵگری کۆماری ئیسلامی بۆ سازکردنی بۆمبی ناوکی تا دێت زیادتر و زیادتر دەبێتە هۆکاری لەپەراوێزکەوتنی کۆمەڵگای ئێران و ئەمەش وادەکات کە بە خێراییەکی زیادترەوە بڕیاری یەکلاکەرەوەی جیهانی لەم پێوەندییەدا بدرێ؛ چونکە وەک زۆرێک لە چاودێران و سیاسەتڤانانی جیهانی دەڵێن نەگرتنەبەری هەڵوێستێکی شیاو لە ئێستەدا دەبێتە هۆکار و خۆشبوونی بەستێنی لەبار بۆ وەدەستخستنی چەکی ناوکی لەلایەن ڕێژیمی تارانەوە کە ئەودەم ئیتر کار لە کار ترازاوە.

«لیز تراس» وەزیری دەرەوەی بریتانیا ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەزبەر لە دیدار لەگەڵ ڕۆژنامەی «الشرق الاوسط» ڕایگەیاندووە بەرنامەی ناوکی ئێران بەرێژەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە و ئەمەش وای کردووە کە کەیسی ناوکی تاران بچێتە قۆناغێکی زۆر هەستیار و ئاڵۆزەوە کە کاریگەری ئەم مەسەلە لەسەر گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ بەرچاوە؛ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جیهان ناتوانێ بینەری دەسپێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکی بێت!

کۆماری ئیسلامی لە مانگی جۆزەردانەوە ئامادەی دانیشتن و دانوستان لەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا نەبووە و تەنیا لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی ڕێژیمەوە ناوەبەناوە دەوترێ: «تاران پاش تاوتوێ کردنی پێویست دەگەڕێتەوە بۆ وتووێژەکان». ئەمەش لەحاڵێکدایە کە لایەنەکانی بەرجام و ئامریکا بەردەوام ڕایانگەیاندووە کە کات بۆ ئێران سنووردار و کەمە و ئەگەر تاران ئامادە نەبێ درێژە بە وتووێژەکان بدات، بژاردەکانی دیکە بۆ تاوتوێ کردنی بەرنامەی ناوکی ئێران، بە بژاردەی سەربازیشەوە، لەبەرچاو گیراون.

لەمبارەوە «ئاویگدۆر لیبێرمەن» وەزیری دارایی ئیسڕاییل ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەزبەر بە ماڵپەڕی ئیسڕاییلیی «والانیوز»ی ڕاگەیاندووە: «لەپێوەندی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران تەنیا پرسی «کات» لەبەرچاو گیراوە و ئەم «کات»ەش زۆر دوور نییە و دواجار پێی دەگەین!» لیبێرمەن وتوویەتی: «هیچ هەنگاوێکی دیپلۆماتیک ناتوانێ پێش بە کۆماری ئیسلامی بگرێت و ئێمەش ناتوانین شاهێدی سەرهەڵدانی کۆرەی باکورێکی تر بین کە نیازی لەنێوبردنی ئیسڕاییلی هەیە». پێداگریشی کردەوە کە «خەڵکی ئیسڕاییل نابێ لە نێو «وەهم و ترس»دا بژین!»

لێدوانەکانی وەزیری دارایی ئیسڕاییل لەکاتێکدایە کە کانالی ١٢ی ئیسڕاییل لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کردووە کە هێزی هەوایی ئیسڕاییل پاش دوو ساڵ سڕکردن و وازهێنان لە فێرکاری هێزەکانیان بۆ لێدانی بنکە ناوکییەکانی ئێران جارێکی تر ئەم تاقیکاری و فێرکارییانەی دەست پێکردووەتەوە. «ئاویۆ کوخاوی» سەرۆکی ستادی هاوبەشی ئەرتەشی ئیسڕاییلیش بڕیاری دابینکردنی بودجەی ئەم فێرکارییانەی دەرکردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە «مارکۆ ڕۆبیۆ» سێناتۆری کۆماریخوازی ئامریکایی لە توێتێکدا وێڕای ئەوەیکە بەرپرسایەتی هێرش و پەلامارەکان بۆسەر هێزە ئامریکاییەکان لە بارەگای «التنف»ی سووریەی خستە پاڵ کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند: «تەنیا لە پێناو ڕزگارکردنی ڕێکەوتننامەی ناوکی لەگەڵ ئێران، نابێ چاوپۆشی لە دەسدرێژییەکانی تاران بکرێت.»

هەر لەمبارەوە ئاسۆشیتێدپرێس ئاشکرای کردووە کە دوالێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە سەرچاوە و بڕیاردەرانی ئەم هێرشانە دەریان خستووە کە کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی هێزە نیابەتییەکانییەوە ئەم کارەی ئەنجام داوە. لەحاڵێکدا نارەزایەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەرامبەر بە پەرەسەندنی دزە و هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا درێژەیان هەیە، وەزیری زانیاری دەوڵەتی یەمەن، «مەعمەر ڕیانی»لە زنجیرە توێتێکدا باسی لە پێداگری حووسییەکان بۆ درێژەکێشانی ناسەقامگیری لەم وڵاتەدا کردووە و وتوویەتی: «ئامادەنەبوونی حووسییەکان بۆ هاوکاری کردنی کۆمەڵگای جیهانی بە بڕیاری ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی و بۆ تێکدانی زیادتری ئەمنیەت و ئاشتی ناوچەیی و جیهانییە».

ئەم نیگەرانییانەی کۆمەڵگای جیهانی ئەو کاتە زیادتر بوویەوە کە کۆماری ئیسلامی ڕێگەی نەدا کارناس و لێکۆڵەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی سەردانی بنکە ناوکییەکانی ئێران بکەن؛ هەر لەمبارەشەوە چەند کاتژمێر بەر لە ئێستە «ڕافائیل گەڕووسی» سەرۆکی گشتیی ئەم ئاژانسە ڕایگەیاند کە زلهێزان دەبێ بەم هۆکارە دژ بە کۆماری ئیسلامی هەڵوێستی شیاو بنوێنن و مەحکومی بکەن؛ بەوتەی گەڕووسی کەیسی ناوکی ئێران لە قۆناغێکی زۆر سەختدایە.

لەسەر ئەم ئەساسەش وەزیری دەرەوەی عەرەبستان لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ جێگری بەرپرسی سیاسەتی دەرەکی یەکیەتیی ئورووپا سەبارەت بە بەرنامەی ناوکی ئێران قسەیان کرد و باسیان لە پێویستیی بەهێزکردنی بەرەی هاوکارییەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پشتیوانییەکانی تاران لە چالاکییە تێرۆریستییەکان لە ناوچە و جیهاندا کرد.

کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرەکیترین پاڵپشتی جیهانیی تێرۆریزم دەناسرێ کە بەهۆی پشتیوانییەکانی تارانەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین زیادتر لە ١٥ ساڵە ڕووی ئارامی بەخۆوە نەبینیوە. هەر لەمبارەشەوە گرووپی تایبەتیی هەنگاوی ماڵی دژ بە سپیکردنەوەی پارە ناسراو بە FATF لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا وێڕای ئەوەیکە تورکیە، ئۆردۆن و ماڵی لە لیستی ڕەشی خۆی هێنایە دەر، جارێکی تر پێداگر بوویەوە لەسەر ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی و کۆرەی باکور وەک ڕابردوو سەرقاڵی سپیکردنەوەی پارەن و دەبێ هەر لە لیستی ڕەشدا بمێننەوە.

سەرباری هەبوونی ئەم گوشار و نیگەرانییە نێونەتەوەییانە دەبینین کە کۆماری ئیسلامی بڕیاری بەڕێوەبردنی مانۆڕێکی سەربازی بۆ هێزی هەوایی داوە کە وەک حەمید واحێدی فەرماندەی هێزی هەوایی ئەرتەش دەڵێ تێیدا کەڵک لە بۆمبهاوێژ، فڕۆکەی شەڕکەر، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و مووشەکی هیدایەتی وەردەگیرێ.

دیمەنە سیاسییەکە وەها نیشان دەدات کە ڕێژیمی ئێران دەیهەوێ بە قەولی خامنەیی هێزی چەنەلێدانیان ببەنە سەر و ئەمە وای کردووە کە لە دانیشتنەکان دوور بکەونەوە و پەنا ببەنە بەر هەندێک مانۆڕ کە لەڕاستیدا تەنیا زۆرتر لە جاران لە پەراوێزیان دەخات و کۆمەڵگای ئێران بەرەو نەهامەتیی زیادتر دەبەن و چ بەناچاری لەسەر مێزی تەسلیمبوونی دابنێن، لە ناوچەشدا دەستوپێوەندییەکانی دەبڕن و چ لەئەگەری تەسلیمنەبوونیشی دۆخی شڕتر دەکات و بە هەردوو حاڵەتدا لە لێواری هەڵدێرێکی توندایە.

## پەیڤ

### مۆدێلێک لە دووڕیاندا

کەریم پەرویزی

وەلیی فەقیە دەیهەوێ بەغدا ئاڵۆز بێ تاکوو بەردەوام گوێی لە ئاخوندەکانی قوم و جەماران بێ. لە کەشێکی ساردوسڕ و پڕ لە بێهیواییدا، ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٢١، واتە ١٨ی ڕەزبەری ١٤٠٠، هەڵبژاردنی پێشوەختەی پارلمانی عێراق بەڕێوە چوو. کەشی هەڵبژاردنەکەش بۆیە ساردوسڕی و بێهیوایی پێوە دیار بوو، چوونکە دوای چەندین دەور هەڵبژاردن لە عێراق و چەند قۆناخی جیاوازی شەڕی نێوخویی و ڕووداوە گەورەکان، خەڵك بە خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین خوازیاری ئاڵوگۆڕ بوون و هیوایەکیان بە پارلمان و هەڵبژاردن نەمابوو. بەتایبەت هەموو خەڵك چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە ئەمجارەش وەکوو جارەکانی دیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی گرووپ و باندەکانی نزیك لەخۆیەوە بە گزە و دەسکاریکردن ئاکامی هەڵبژاردنی پارلمانی عێراق بە قازانجی خۆی لێ بکا و گرووپەکانی سەر بە سوپای پاسداران و ئاخوندەکانی قوم دەسەڵاتداری بەغدا بن.

هەرچەند بەرەیەکی زۆری خەڵکانی عێراق هەڵبژاردنیان بایکۆت کرد و نزیك بە شەست لەسەدی خەڵك نەچوونە سەر سندووق، بەڵام چوونکە هەڵبژاردنەکە ڕێگەی گزە و دەسکاریکردنیان لێ گرتبوو و چاوەدێری نێودەوڵەتی هەبوو و ئیدارەی بەغدا و بەتایبەت کازمی دەیانویست هەڵبژاردنەکە ببێتە جێی متمانەی خەڵك، ئاکامی هەڵبژاردن بوو بە دەرخستنی تاڕادەیەکی نەخشەی واقیعیی هێز بە شێوەی گشتی لە عێراقدا، هەڵبەت ئەوانەی بەشدارییان لە هەڵبژاردن نەکرد، بەرەیەکی زۆرتر بوون.

جگە لە هەڵبژاردنەکانی ئیسراییل، ئەمە لە دەگمەن جارەکانە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە هەڵبژاردن لە ئاستی وڵاتێکی پڕکێشەی وەکوو عێراقدا بەڕێوە بچێ و هەڵبژاردنێکی بەتەواوی ئازاد و هەروەها دادپەروەرانە و بێ گزی و دەسکارییەکی چارەنووسساز بێ!

هەر بۆیە دەبینین کە کۆماری ئەسلامیی ئێران لەم هەڵبژاردنە تووڕەیە و دەستوپێوەندەکانی دۆڕاندوویانە چوونکە دەرەتانی گزەیان نەبوو!

دۆڕاندنی کۆماری ئیسلامی و

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## کۆڕێکی گرینگیدان بە پێگەیاندن لە بلژیک بەڕێوە

بەشی ڕێکخستنی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ولاتی بلژیک بۆ زانیاری و پێگەیاندنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەو ولاتە بەڕێوە چوو.
ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ۱۷ی ڕەزبەر بەشی ڕێکخستنی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ولاتی بلژیک بە مەبەستی بردنەسەری ئاستی زانیاری و گرینگیدان بە بواری پێگەیاندنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ولاتی بلژیک کۆڕێکی بۆ بەڕێز کاک «عەلی نیکرەوش» چالاکی سیاسی و تێکۆشەری بواری مافەکانی مرۆڤ و ئەندامی چالاکی بیرۆی کورد لە بلژیک، لە ڕێگای تۆڕی زووم بەڕێوە برد. سەرەتای کۆڕەکە لەلایەن بەڕێوەبەری کۆڕ «هەژیر نادری» بەرپرسی گشتیی ڕێکخستنی کۆمیتەی حیزب لە بلژیک وێڕای بەخێرهاتنکردنی بەشداربووان سپاسی «عەلی نیکرەوش»ـی کرد بۆ بەڕێوەبردنی کۆڕەکە و کورتەیەک لە ژیان و بەسەرهاتی ناوبراوی بۆ بەشداربووان باس کرد.
«عەلی نیکروش» باسەکەی تەرخان کردبوو بۆ باسکردن لەسەر ئاپارتاید و هەلاواردن لە سیستمە ئاپارتایدەکان و بەتایبەتی هەلاواردنی نەتەوەیی، ئایینی و زمانەوانییەکان.
ناوبراو لە درێژەی باسەکەیدا باسی لە سیستمی ئاپارتایدی ولاتی ئیسپانیا، فەرانسە، بریتانیا و تورکیە کرد کە تا پێش شۆڕشی گەورەی فەرانسە چەندین نەتەوە لە فەرانسە دەژیان بەڵام ئێستە بە دەگمەن ماون یان لە ولاتی ئیسپانیا کە چەندین نەتەوە ژیاون بەڵام ئێستا لەوێش بە کەمی ماون و خۆیان پێناسە دەکەن.
هەروەها باسی لەوە کرد کە دەوڵەتە ئاپارتایدەکان هەوڵ دەدەن کە کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لەنێوبەرن کە بەشێوەی جۆراوجۆر ئەو هەوڵانە بەڕێوە دەبەن بۆ نموونە لە ولاتێکی وەک تورکیە بە ئاشکرا دەڵێن ئەوە ولاتی تورکە وا نیشان دەدەن کە لەو ولاتە تەنیا تورک دەژی. لە ولاتێکی وەک ئێران جیاواز لە تورکیە، لەوێ ناوی ولاتەکەیان ناوە ئێران و دەیانهەوێ لەو ڕێگایەوە هەوڵ بدەن باقی نەتەوەکانی نێو جۆغرافیای ئێران بتوێننەوە بێ ئەوەیکە بە ئاشکرا بڵێن لەو ولاتە تەنیا فارس دەژی؛ بەڵکوو بە فەرمیکردنی زمانی فارسی و ناونانی بو زمانی میللی و لە بواری پەروەردە و خوێندن و نووسین کە تەنیا بە فارسییە و باقی زمانەکانی دیکە لەبواری پەروەردەوە گرینگیی پێ نادرێ .

## ڕێوڕەسمی یاد و بیرەوەریی دوکتور «نورەدین زازا» لە ولاتی «سویس» بەڕێوە چوو



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر بانگهێشتی فەرمیی پارتی سوسیالیستی کوردستانی سووریە بەشدارییان لە ڕێورەسمی یاد و بیرەوەریی دوکتور «نورەدین زازا» لە ولاتی سوئیس کردووە.
شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی «هەڵمەت حاجی عەباسی» بەرپرسی کۆمیتە ناوچەی «لۆزان» لە ڕێوڕەسمی یادی ۳۳ ساڵەی کۆچی دوایی دکتور «نورەدین زازا» دامەزرێنەری پارتی سوسیالیستی کوردستانی سووریە کە لەسەر گڵکۆی ناوبراو لە شاری «لۆزان» بەڕێوە چوو، بەشدارییان کرد.
«حاجی عەباسی» نوێنەری حیزبی دێموکرات لە وتارێکدا وێڕای بەرزنرخاندنی ئەرک و تێکۆشانی دکتور «زازا» و هەموو شەهیدانی کوردستانی لە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد؛
پەیامی هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ ئەو پارتە و بنەماڵەی ناوبراو ڕاگەیاند و هەر بەو مەبەستەش پارچە هۆنراوەیەکی پێشکەش بە ڕووحی دوکتور «زازا» و ئامادەبووانی ئەو کۆبوونەوەیە کرد.
شاندی حیزبی دێموکرات پێکهاتوو لە بەڕێزان «سەباح ئایینەپوور، سۆران محەممەدی و جەواد فەرزاد» بە گەرمی لەلایەن پارتی سوسیالیستی کوردستانی سوریە لە ولاتی «سویس» پێشوازیان لێکرا.

## خۆپێشاندانێک لە ولاتی «هۆلەند» بەڕێوە چوو

بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە زیندانییانی سیاسی لە ولاتی «هۆلەند» خۆپێشاندانێک بەڕێوە چوو.
ڕۆژی یەکشەممە ۱۸ی ڕەزبەر لە گۆڕەپانی «دام» لە شاری «ئامێستردام» بۆ پشتیوانی لە زیندانییانی «سیاسی وعەقیدەتی» بە بەشداریی کوردستانیان و ئێرانیانی دانیشتووی ولاتی «هۆلەند» خۆپیشاندانێک لەو ولاتە بەڕێوە چوو.
لەو خۆپیشاندانەدا نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی، بە وتار و پەیام باسیان لە دۆخی زیندانییان لەنێو بەندیخانەکانی ڕێژیمدا کرد کە چەندە بێبەزەییانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت.
پاشان «حەسەن مەجیدی» بە نوێنەرایەتیی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە هولەند پەیامێکی پێشکەشی بەشداربووان کرد.




«مەجیدی» لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە زۆربەی ئازادیخوازان کەوتوونەتە بەر هێرش و ئەشکەنجەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و گیانیان بەخت کردووە.
ناوبراو لە درێژەدا وتی لە کوردستان ڕادەی لهسێدارەدان بە ڕێژەی هەموو ئێران تۆمار کراوە.
لە بەشێکیتری باسەکەیدا ئاماژەی بە شەهید «عوسمان موستەفاپوور» وەک زیندانییەکی قارەمان کرد کە چۆن خۆڕاگرانە زیاتر لە ۲۷ ساڵ لەنێو بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئێراندا لەژێر ئەشکەنجەدا بوێرانە لەسەر ڕێبازەکەی سوور بووە.
لە کۆتاییدا وێڕای هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانییان ئاواتی خواست کە بە نەمانی کۆماری پەت وسێدارە بەندییەکان ئازاد و بە بنەماڵە و زێدەکەیان شاد ببنەوە.

## کۆڕێک لەسەر مێژووی کورد و دۆخی ئێستای کوردستان لە دانمارک بەڕێوە چوو



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ۲۶ی ڕەزبەر ڕێکخراوی هاوکاریی نێونەتەوەیی بە هاوبەشی لەگەڵ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری «ئاغوس»ـی دانمارک کۆڕێکی بۆ «جەلال قادری» بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە سەبارەت بە مێژووی کورد و دۆخی ئێستای کوردستان پێک هێنا.
«جەلال قادری» باسی لە دۆخی «کوردستان، مێژووی کورد، دۆخی ئێستای کورد و شۆڕشەکانی هەر چوار بەشی کوردستان» کرد.
«قادری» لە باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەڕەواکەی بەردەوام قوربانیی داوە و دونیا دەبێت پشتیوانی لەو خەباتە ڕەوایە بکات.
لە کۆتاییدا ئامادەبوان پرسیاری خۆیان لەسەر کورد و ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان لە دانمارک ئاراستەی کۆڕگێر کرد و لەلایەن «جلال قادری» وڵام دراوە.

## ڕێکخراوی «جیهانی کورد» کۆڕیادێکی بۆ پێگەی بەرزی «ئەحمەد کاکەمەمی» لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە برد



ڕۆژی شەممە ۲٤ی ڕەزبەر، کۆڕیادێک لەلایەن ڕێکخراوی «جیهانی کورد» و «کۆمەڵەی گولان» لە شاری ستۆکهۆلم بۆ بەرزڕاگرتنی یادی تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچکردوو «ئەحمەد کاکەمەمی» بەڕێوە چوو.
لەو کۆڕیادەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بانگهێشت کرابوو، «چیا عەلیار» بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکان لە سوئێد بە نوێنەرایەتیی حیزب بەشدار بوو.
«عەلیار» لە قسەکانیدا وێڕای بەرزنرخاندنی خەبات و تێکۆشانی کاک «ئەحمەد کاکەمەمی» لە حیزبی دێموکراتدا ئاماژەی بەوە کرد کە ڕێچکەی نەتەوەیی کە حیزبی دێموکراتی لەسەر دامەزراوە بەو ئامانج و مەبەستەی کە هەرچی لە توانامانداا هەیە بۆ خزمەتی کورد و کوردستان دەبێ ئەنجامی بدەین، «ئەحمەدی کاکەمەمی» ئەو ئەرکەی بە باشترین شێوە بەڕێوە دەبرد، ناوبراو لەگەڵ ئەوەی وەک بەرپرسێکی دیاری حیزبی دێموکرات لە سوئێد کاری دەکرد، بەڵام هاوکات هەموو هەوڵی لە پێناو یەکیەتی و نزیکایەتیی هەموو لایەنەکاندا دەدا.
نوێنەری حیزب بە کورتی باسی لەسەر سێ تەوەری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی کاک ئەحمەد کرد، پاشان سپاسی ڕێکخراوی جیهانی کورد و کۆمەڵەی گۆلانی کرد کە ئەو دەرفەتەیان ڕەخساندووە هەتا یادی تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەنەوە. لەو کۆڕیادەدا «کاوە ڕەحیمی» لەلایەن بنەماڵەی کاک ئەحمەد سپاسی بەشداربووانی کرد و پەیامی بنەماڵەی ناوبراوی خوێندەوە، هەروەها خاتوو «ناهید حوسێنی» دوو پارچە هۆنراوەی لەگەڵ موزیکی «قەمبەر خوسرەوی» خوێندەوە. دواتر «تاهیر عەلیار»باسێکی مێژوویی لەسەر دوایین کتێبی کۆچکردوو کاک ئەحمەد پێشکەش کرد. هەروەها لەو کۆڕیادەدا «عەزیز ئالیس» بەرپرسی ڕێکخراوی جیهانی کورد چەند وتەیەکی پێشکەش کرد، پاشان هەر یەک لە بەڕێزان «حەسەن قارەمانی، سەید برایم حوسێنی، حافزوڵلا نێروەیی، ئەحمەد بەهرام، سەلام جەزیری و شەریف قادر» لەو بوارەدا و لەسەر لایەنی جۆراوجۆری ژیانی کاک ئەحمەد کاکەمەمی دوان.
ئەم کۆڕیادە بە پارچە مۆسیقایەکی «قەمبەر خوسرەوی» کۆتایی پێهات.

## ژنانی مەریوانی خوازیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەک دژی توندوتیژی ژنانن




ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ۱٥ی ڕەزبەر بەشێک لە ژنانی دانیشتووی «مەریوان» لە پارێزگای «سنە» لەهەرمبەر توندوتیژی دژی ژنان کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوە بردووە.
ناڕازییان بە هەڵگرتنی پلاکاردی پێوەندیدار وێڕای مەحکوومکردنی کوشتنی «فایزە مەلەکی‌نیا» داخوازی پێکهێنانی کۆمیتەیەکی ناوچەیی بۆ ڕاگرتنی توندوتیژی دژی ژنانیان کردووە.
«فایزە مەلەکی‌نیا» کچێکی تەمەن ۲۲ ساڵانە و دانیشتووی گوندی دەوڵەتئاوا (کوڕکوڕە) سەربە شاری «سنە»یە کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن باوکی سووتێنراوە و گیانی لەدەست داوە.

## ڕێژیمی ئێران له كوردستان به ئاشكرا مادەی هۆشبەر بڵاو دەكاتەوە



ڕێژیمی ئێران لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو و ئاشکرا کار بۆ فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان دەکات.

فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی ئەو مادە هۆشبەرانە لەلایەن دەستوپێوەندییەکانیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە جێبەجێ دەکرێت.

هەروەها باری نالەباری ئابووری و بێکاریی لەڕادەبەدەر بواری بۆ هێندێک لاوانی کوردی کەم ئەزموون ڕەخساندووە کە بە فریودانیان و بە بیانووی سەروەت و سامان بێ ماندووبوون پەنا بۆ کاری قێزەون و فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان ببەن. ئامانجی ڕێژیمی ئێران لە پەرەپێدانی فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان لە کوردستان ئەوەیە کە لەلایەک هەستی نەتەوایەتیی لاوەکان لاواز بکات و لەلایەکی دیکەوە دووریان بخاتەوە لە بزووتنەوەی شاخ و شار و شارەکانی کوردستان تووشی قەیرانی کۆمەڵایەتی و سەرلێشێواوی بکات. هاوکات هێزی ئینتیزامی و ئیتلاعاتیی ڕێژیمی ئێران لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تەنیا موعتادەکان دەسبەسەر دەکەن و کارێکان بە فرۆشیارانی مادە هۆشبەرەکان نییە.

## پیلانگێڕیی نوێی سپای پاسداران له كوردستان

ماوەیەکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن کەسانێکی هەلپەرەستەوە بە هاندانی سپای تێرۆریستی پاسداران دەست کراوە بە زیندووکردنەوەی عەشیرەگەرایی لەژێر ناوی ڕەچەڵەکناسی و هەوڵ دەدرێ خەڵک لەم پیلانەوە بگلێنن.

بەو مەبەستە ڕێژیم لە هەوڵی شەقکردن و لەتلەتکردن و پەراوێزخستنی خەڵکی کوردستاندایە کە ئامانج لێی شکستهێنان و کەمکردنەوە و نەزۆککردنی بیری نەتەوایەتی خەڵکی کوردە. سەرەتای ئەم کارە دەست کراوە بە زیندووکرنەوەی عەشیرەکانی کوردستان کە پێشتر لەنێو خەڵکدا باو بووە. لەم بەستێنەشدا ڕێژیم بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی کەڵکی لە کەسانی نزیکی خۆی وەرگرتووە بە ناوی مێژوونووس تا بتوانن خەڵکانێکی زیاتر لە دەوری ئەم بیرۆکە کۆ بکەنەوە.



بۆ وێنە زیندووکردنەوەی هۆزەکانی «مامەش، بڵباس، مەنگووڕ، باریک، موکری، دێبوکری، مەڕنەکەنە، ئاڵی سێمانە و بابڕەسوو» و هەتە دوایی.

ڕێژیم بەم کارەش نەوەستاوە و دەستیان کردووە بە دابەشکردنی ناوچە و گوند و شارەکان سەربەم هۆزانە.

بۆ نموونە لە ئێستادا هۆزی باریک خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە. هۆزی باریک کە لە شارەکانی پیرانشار، شنۆ و نەغەدە، مەهاباد، بۆکان خەریکی چالاکین و کەسێک بە ناوی «ئومید ئاریامەنێش» کە گوایە مێژوونووسە و خەڵکی شاری شنۆیە هاوکات لەگەڵ سەرهەنگێکی خانەنشینکراو لە تاران کە خەڵکی شاری «سنە»یە دەستیان داوەتە ئەم کارە کە خۆیان بە بنەماڵەی گەورەی باریک دەناسێنن.

کارەکانی کە بەڕێوەیان بودووە بریتین لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی شارەکان و ناوچەکان و دانانی سندووقی خێرخوازی بە مەبەستی خێرخوازیی نێو بنەماڵەکان، دانانی بوودجەی چەندین ملیۆنی بۆ ئەم کارە و نووسینی کتێبی ڕەچەڵەکناسی نێو بنەماڵەکان. لەلایەن هەڵسووڕاوانی ئەم بیرۆکەیە داواکراوە بۆ خۆپاراستن و باری ئەمنی خەڵک و سەرۆکەکان بنەماڵەکان چەک هەڵگرن کە خۆی لەخۆیدا جێی شک و گومانە.

ئامانجی ڕێژیمی ئێران لەم پیلانە لە ڕاستیدا ئەوەیە کە تاقمگەلێک لە کوردستان ساز بکرێن کە لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی سپادا بن و لە کاتی پێویستی وەک سەردەمی هەڵبژاردنەکان کەڵکاوەژوویان لێوەربگرن. سپا بۆ ڕازیکردنی خەڵک ئەوانی وەبەر تەماح ناوە و بەدانی پارە و پۆستی ئیداری و چەک ئەم کارانە ئەنجام دەدات.

## ڕووبەری گۆلی ورمێ ١٤ هەزار و ٢٣ کیلۆمیتری چوارگۆشە دابەزیوە

‹›مێهران نەزەری›› بەرپرسی پاراستنی ژینگەی پارێزگای ورمێ، ڕۆژی شەممە ٢٤ی ڕەزبەر، باسی لەوە کردووە کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا نزیکەی ٢ میلیارد میتری سێجا لە ئاوی گۆلی ورمێ کەمی کردووە و ئەمە مەترسیی تۆزی خوێی لەو ناوچەیە پەرە پێداوە. ‹›نەزەری›› قەیرانی ئاو و دابەزینی بەرچاوی ئاستی گۆلی ورمێی وەکوو گرینگترین قەیرانی ژینگەیی پارێزگای ورمێ ناو لێ بردووە و وتوویەتی: ‹‹لە ئێستادا بەهۆی دابەزینی ئاوی گۆلی ورمێ دوورگەکانی ئەو گۆلە پێکەوە لکاون، ڕێگاکان بەهۆی باتلاقیبوونیان کێشەی بۆ هاتوچۆی مەئموورانی پارکی میللیی گۆلی ورمێ هێناوەتە پێش و مەترسیی بۆ ئاژەڵەکانی ئەو دوورگانە دروست کردووە». بە وتەی ناوبراو لە ئێستادا ئاستی بەرزایی گۆلی ورمێ بەنیسبەت ساڵی ڕابردوو ٦١ سانتیمیتر دابەزیوە و ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی تۆفانی خوێ و کاریگەریی مرۆیی و ژینگەیی لێ دەکەوێتەوە.

گۆلی ورمێ بە ڕووبەری ٤٨٣ هەزار هێکتار، یەکێک لە گرینگترین و پڕبایەخترین ژینگە ئاوییەکانی جیهانە کە هەنووکە نزیکەی ١٤ هەزار و ٢٣ کیلۆمیتری چوارگۆشە لە ڕووبەرەکەی بووەتە خوێجاڕ. چەندین ساڵە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران وادە و دروشم دەدەن کە هەموو هەوڵەکان بۆ ژیانەوەی گۆلی ورمێ دەخەنە گەڕ و هەتا ئێستا دەیان پرۆژەیان پێشنیار کردووە کە هەندێکیان بە نیوەچڵی و ناسەرکەوتوویی ماوەتەوە و پرۆژەکانی دیکەش بە کردەیی نەکراون.

## مۆرەکانی ڕێژیم بە پشتیوانی سپا لە کوردستان «ماریجوانا» دەچێنن

ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» بڵاوی کردۆتەوە لە گوندی «گۆگجە» سەر بە ناوچەی «سەرشیوی» شاری «مەریوان» چەند کەسی ئەو گوندە لەگەڵ سێ کەسی دیکە خەڵکی «دیواندەرە» پێکەوە بە هاوبەشی گیای ماریجوانایان چاندووە.

ئەو چەند کەسەی خەڵکی «دیواندەرە» هەوڵیان دابوو کە بەشێک لە ماریجواناکە بدزن کە ئەو چەند کەسەی گوندی «گۆگجە» پێیان دەزانن و دوو کەسیان دەگرن و پاش لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆر و ڕاگرتنیان لە ماڵەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ، دواتر کاغەزێکیان پێ واژۆ دەکەن کە گوایە بۆ دزینی مەڕ و ماڵات هاتوون . هەروەها کاتێک کە هەستیان کردووە کارەکەیان ئاشکرا بووە و خەڵک پێی زانیون شوێنی چاندنی ماریجواناکەیان کێڵاوە بۆ ئەوەی ئاسەواری دیار نەمێنێت. ناوەندە ئەمنییەتی و ئینتزامییەکانی ڕێژیم لەم کارە ئاگادارن و خۆیان لە کوردستان بە هاوکاریی مۆرەکانی خۆیان ماریجوانا دەچێنن. شوناسی ئەو چەند کەسە لەلایەن ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» پارێزراوە.

## گۆلی «زرێبار» بەرەبەرە بەرەو وشکبوون دەچێت

ئاوی زرێبار لە ماوەی ٥ مانگدا تەنیا لە پاکاوی شەروان ٤٠ هێکتار پاشەکشەی کردووە و لە دەوراندەوری زرێبار، لەنێو قامیشەڵان، پەڵاسە، لەبان و سنووەکاندا نزیکەی ١٣٠٠ هێکتار کەمی کردووە. کەمکردنی ئاوی زرێبار لە ٥٠ ملیۆن میتری سێجا بۆ نزیکەی ١٩ ملیۆن میتری سێجا کەمی کردووە. بەهۆی کۆبوونەوەی کانییەکانی هەڵقوڵی بن دەریاچەکە و وشکەساڵی، بەهاری ئەمساڵ ئاستی زرێبار نەگەیشتووەتە ٥٠ ملیۆن میتری سێجا؛ دیارە بەپێی نیشانەکانی بەرچاو، بڕی زیاتر لە ٣٠ ملیۆن میتری سێجا ئاو لە بەریانی گۆلی زرێبار کەم بووەتەوە. قووڵایی ئاوی زرێبار لە خودی پاناوە ئاوییەکەیدا کە ٩٦٠ هێکتارە نزیکەی ٢ میترە. تەنیا ئاوی بەرچاوی زرێبار ئێستا لە پانایییە ئاوییەکەیدا دەبینرێت؛ هەر چەند بڕێک ئاو لە زرێبارە چکۆلەی بەر «کانیسانان و گۆمەخرت و گۆمەکانی کانی گەور»دا ماون.ماوەی چەندین ساڵە کە خەڵک و چالاکانی ژینگەیی بەتایبەت ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان، هۆشدارییان داوە کە زرێبار لە مەترسیی لەنێوچووندایە، بەڵام هەمیشە لەگەڵ بێهەڵوێستیی نابەرپرسانی ڕێژیم ڕووبەڕوو بوونەتەوە.

## کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی مامۆستایان لە ٤٠ شاری ئێران و کوردستان



ڕێژەیەکی زۆر لە مامۆستایان ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی ڕەزبەر، لە شارەکانی کوردستان و ئێران لە ناڕەزایەتی بەنیسبەت پەسەندنەکردنی گەڵاڵەی پلەبەندی و ئازادنەکردنی مامۆستایانی زیندانی خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد.

ئەو خۆپیشاندانە سەراسەرییە دوای بانگهێشتی یەکیەتییەکانی مامۆستایان بەڕێوە چوو و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڤیدیۆیەکی زۆر لەو خۆپیشاندانانە لە پارێزگاکانی «کرماشان، سنە، تاران، فارس، قەزوین، هەمەدان، ئەردەبیل، لوڕستان، ئیسفەهان، بوشێهر و مازەندەران و...›› بڵاو بووەتەوە.

خۆپیشاندانی مامۆستایان لە شارەکانی پارێزگای کرماشان، سنە و ورمێ لە حاڵێکدا بەڕێوە چووە کە شەوی ڕابردوو ناوەندە ئەمنییەکانی ڕێژیم لە ڕێگای تەلەفۆنەوە هەڕەشەیان لە مامۆستایان کردبوو کە نابێ لە خۆپیشاندانەکان بەشداری بکەن.

مامۆستایانی لەسەر کار و خانەنشینکراو لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا لە ناڕەزایەتی بە بەڕێوەنەچوونی گەڵاڵەی پلەبەندی کە مانگی جۆزەردانی ئەمساڵ لە کۆمیسیۆنی پەروەردە و لێکۆڵینەوەی مەجلیس پەسەند کرابوو، دەیان جار خۆپیشاندانیان ئەنجام داوە.

بەپێی ئەو گەڵاڵەیە مووچەی مامۆستایان دەبێ ٨٠ لەسەدی مووچەی مامۆستایانی زانکۆ بێت. مامۆستایان هەڕەشەیان کردووە کە لە ئەگەری وەدینەهاتنی داواکارییەکانیان مان دەگرن و وانە ناڵێنەوە.

بە پەرەگرتنی قەیرانی ئابووری و هەژاری لە ئێران تەنیا مامۆستایان نین کە ناڕازین، توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەردەوام بەنیسبەت گرانی و هەژاری و دەیان گرفتی دیکە کە بەهۆی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران برۆکیانی گرتووە، لەسەر شەقامەکان داواکاری و مافەکانی خۆیان هاوار دەکەن، بەڵام لەلایەن ڕێژیمەوە بە جێگای گرینگیدان بە داواکارییەکان، وڵامی خەڵکی ناڕازی سەرکوت و دەسبەسەری بووە.

## چالاکی تەبلیغی

### لە کوردستان چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕەزبەر ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ساڵڕۆژی ئاگرتێبەردانی گوندی نییەر لەلایەن سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمەوە، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە پوستێر و تراکتی تایبەت بە ١٨ی ڕەزبەریان لەنێو گوندی نییەر بڵاو کردووەتەوە، هەروەها ئاڵای کوردستانیان بە نیشانەی خۆڕاگریی خەڵکی نییەر و بەردەوامبوون لە خەباتی ڕزگاریخوازی، لە بەرانبەر ئەو گوندە هەڵ کردووە.

لە دوای لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی شاری «مەهاباد» لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ٦٢ی هەتاوی، هێزی بێستوون بە فەرماندەیی شەهید «شاپوور فیرووزی» بڕیاری دا ٥٩ عەمەلیات دژی ڕێژیم ئەنجام بدات.

بەشێکی ئەو عەمەلیاتانە بە گرتنی پایگاکانی ڕێژیم لە گوندەکانی «نییەر و تەنگیسەر» بەڕێوە چوو.

ڕێژیم بۆ تۆڵەئەستاندنەوە، لە ١٨ی ڕەزبەری هەمان ساڵدا هێرشی کردە سەر گوندەکانی «نییەر و تەنگیسەر» و ماڵ و حاڵی خەڵکی ئاگر تێبەردا کە چەندین کەس شەهید و بریندار کران.

لەلایەکی ترەوە ڕۆژی دووشەممە ١٩ی ڕەزبەر پێشمەرگەکانی شار لە شاری «بۆکان» بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە هێزی پێشمەرگە و ڕاسانی ڕۆژهەڵات چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییەدا لە چەند شوێنی جیاوازی وەک ڕێگای «بۆکان - میاندواو» و «بۆکان - سایین قەڵا» ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەڵکرا.

هەروەها پێشمەرگەکانی شار لەسەر ڕێگای گوندەکانی «گۆگتەپەی قەرەمووساڵی، ئەرمەنی بڵاغی، سەراو، ڕەحیم خان، ئوزنقشلاق، کانی کوزەڵە، قانزالی، ڕێگای کورەخانەکانی «ساروقامیش» و لەسەر زۆربەی تابلۆکانی ڕێگای گوندەکانی دیکەی ئەو ناوچانە، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییەدا تراکتی «پشتیوانیی پێشمەرگەی شار لە ڕاسانی خۆرهەڵات»ییان بڵاو کردووەتەوە.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە سنە بۆ پشتیوانی لە حیزب و بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی گەلەکەمان چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغییان لێ بەڕێوە چووە بریتین لە: «بلواری کوردستان، قەتارچیان، گەڕەکی نەمەکی، ئاغا زەمان، بەهاران و ویلا شار».

لەو چالاکییەدا بە نووسینی دروشمی تایبەت وەک: «قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە، بژ دێموکرات و سەرکەوێ ڕاسان» پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات ئامادەیی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی هەرجۆرە ئەرکێکی حیزب ڕاگەیاندووە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «میراوێ»ی شنۆش بۆ پشتیوانی لە حیزب و درێژەپێدانی ڕێگای شەهیدان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆڵەکانی دێموکرات بە نووسینی دروشمی: «قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە، سەرکەوێ ڕاسان و بژی حدکا» بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ حیزب و گەلەکەیان پەیمانیان نوێ کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەردەوام ئامادەیی خۆیان بۆ پشتیوانی لە حیزب و بەجێهێنانی ئەرکی حیزبی دووپات دەکەنەوە.

## درێژەی پەیڤ

دەستوپێوەندییەکانی لە هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە هەقیقەتێکی بنەماییە کە هەردەم ئەگەری ڕوودانی هەیە؛ هەربۆیە کۆماری ئیسلامی لە سندووقی ئازاد و دادپەروەرانە بێزارە و حەزی زۆری لە سندووقی پڕ لە گزە و شانۆکارانەیە. گرووپەکانی سەر بە ڕێژیم لەم ڕووداوە مێژووییەی عێراقدا سندووقەکانی ئازادی و دادپەروەرییان دۆڕاندووە و هەڕەشەی بەکاربردنی چەك دەکەن بۆ گۆڕینی ئاکامی هەڵبژاردن! ئەمە دووبارە گەڕانەوەی ڕووداو و کردەوەکانە بۆ خانەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی. بەرەیەکی زۆری خەڵك لە عێراقدا متمانەیان بە هەڵبژاردن نەمابوو و ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێ متمانە لای خەڵك دروست بکات، بەڵام کۆماری ئیسلامی نایهەوێ سندووقی دەنگدان پێوەر و پێوانە بێ.

کۆماری ئیسلامی و هەر بیرکردنەوەیەکی هاوشێوەی کە بڕوایان بە ئازادی و دادپەروەری نییە، لە ڕێگەی سندووقی دەنگدانەوە کە یەکێك لە پێوەرەکانی دێموکراتبوونە نادوێن، بەڵکوو دەیانهەوێ هەموو کات دۆخەکە ئاڵۆز و ئاورتە بێ تاکوو سندووقی دەنگی ئازادی خەڵك بێ ئێعتبار بکەن و هەڕەشە و گرووپی فشار و میلیشیا دیاریکەری ئاکامی کێشەکان بێ.

دووڕێیانییەکی قورس لەبەردەم بەغدایە، یان سندووقی ئازاد و دادپەروەرانەی دەنگی خەڵك دەکاتە پێوەر و کێشەکان دەباتەوە نێو پارلمانێکی نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵك بۆ چارەسەری، یان میلیشا و گوشاری لاوەکی براوە دەبێ و لەو حاڵەتەدا بەغدا داهاتوویەکی هەمیشە ئاڵۆز و لە دۆخی ئاورتەدا دەبێ.

# دوکتور شەڕەفکەندی: ئینتلێکتوێلێکی خەباتگێڕ

**ئیبراهیم لاجانی**

**بەشی سێهەم**

دوکتور سەعید یەکێک لەبەوەجترین و لێوەشاوەترین ڕێبەرانی حیزب و بزووتنەوەی کوردستان بوو کە هەموو وجودی خۆی بۆ خزمەت و بردنەپێشی ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی تەرخان کردبوو.

ئەو کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی خۆش دەویستن، بەڵام ئەو خۆشەویستییە هەرگیز شوێنی لەسەر هەڵسەنگاندنی واقعبینانەی کاروتێکۆشانی ئەوان دانەدەنا. زۆربەی پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی بە ناو و موشەخەساتەوە دەناسین و کەموزۆر ئاگای لە ژیان و کار و خەبات و تێکۆشانی ئەوان بوو. ڕێزی هەموو ئەو کەسانەی دەگرت کە خزمەتیان بە حیزب و شۆڕش و خەبات دەکرد. ئەو پێشمەرگانەی لە ڕادیۆ، نەخۆشخانە، تەدارووکات، پێوەندییەکانی دەرەوە، بنکەکانی دیکەی شۆڕشدا کار و تێکۆشانیان هەبوو، بۆ ئەو وەک پێشمەرگەکانی دیکەی سەنگەرەکانی شەڕ و بەربەرەکانی بایەخ و ڕێز و حورمەتیان هەبوو. خەبات و کار و ماندووبوونی هەمووانی دەبینی و بایەخی بۆ دادەنان و پشتیوانی لێدەکردن.

دڵپاک و بێغەرەز بوو. هەر بۆیە ئامۆژگارییەکانی وەردەگیران و ڕێنوێنییەکانی کاریان لە هاوڕێیان دەکرد و ئینێرژیان دەدا بە کادرەکانی حیزب. زۆر لەسەر ئوسول و پرەنسیپەکانی حیزبی جیددی و پێداگر بوو بەڵام ئەو ئۆتۆریتە و دیسیپلین و ئوسوولی حیزبی هەر لەسەر کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی پیادە نەدەکرد، لە پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی ڕێبەری و دەفتەری سیاسیشدا هەروابوو.

لە پلینۆمەکاندا، بەرەنگاری نەزەراتی ئەندامانی دەفتەری سیاسی دەبوویەوە، بە گژ نەزەراتی کاک دوکتور قاسملوو و ئەندامانی دیکەی ڕێبەری حیزبدا دەچوو. بێ پێچوپەنا و ڕاشکاوانە نەزەراتی خۆی دەخستە ڕوو. ئەو کاتەم لەبیرە کە لەپێوەندی لەگەڵ وتووێژدا باسمان دەکرد، کە چۆن بەدژی ئەو پێشنیارەی کاک دوکتور ڕاوەستا.

یەکپارچەیی ئەخلاقی خۆی لە دەست نەدەدا. حیزبی دێموکراتی خۆش دەویست، بەڵام حیزبی دێموکراتی بۆ خزمەت و ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕش و بزووتنەوەی کوردستان دەویست. پێی وانەبوو کە کادر دەتوانێ جێگای تەشکیلات و تەشکیلات جێگای خەڵک بگرنەوە. ئەو حیزب و تەشکیلات و تێکۆشەرانی حیزبیشی بۆ خزمەت و بردنەپێشی خەباتی خەڵکی کوردستان دەویستن.

قسەی ئەوەبوو کە ئێمە ڕەنگە نەمێنین، بەڵام ئەو حیزبە دەمێنێ و نابێت بێئیعتیبار بکرێت. ئەوە کە ئێمە لە نێو خەڵکدا ئێعتیبارمان هەیە، ئێعتیباری حیزبە و حیزبیش ئامرازی بردنەپێشی ئەو خەبات و بزووتنەوەیەیە بۆیە نابێت بێئیعتیبار بکرێ.

هەرکەس و بە کاروکردەوەکانی زیان بە پرەستیژ و ئێعتیباری حیزب بگەیەنێ لە هەر پلەوپایەیەکی حیزبی دابێت، دەبێت سزا بدرێت و لە حیزبدا جێگای نەبێت.

لە سکتاریزم و دەستەبەندی بە دوور بوو. بڕوای بە سداقەت و کار و تواناکانی خۆی هەبوو، ماندوو و پڕکار بوو، کاری ڕادیۆ، ڕۆژنامە، کاری ئیجرایی، مودیریەتی ئۆرگانەکان، هیدایەتی تەشکیلاتەکان، سەرەڕای هەموو ئەوانەش وتار و بابەتی بۆ ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تێکۆشەر دەنووسی و شەوانەش تا درەنگ دەیخوێندەوە و فێری شتی تازە دەبوو. ئەو شەو و ڕۆژ لە خزمەت حیزبدا بوو، ژیانی تایبەتی و بنەماڵەیی نەبوو. خەبات و تێکۆشان ژیانی ئەو بوو.

سادەوخاکی دەژیا. بە نان و ئاوێک بەڕێ دەچوو، هیچ ئیمتیاز و شتێکی تایبەتی زیادتر لە پێشمەرگەکانی حیزبی نەبوو. دەیگووت ئێمە پێشمەرگەین، هەربۆیە ناز بەسەر خەڵکدا دەکەین، جا ئەگەر ژیان و بەڕێچوون و گوزەرانمان وەک خەڵکی ئاسایی بوو، یا لە هی ئەوان باشتر بوو، جێ و بان و پاروومان وەک خەڵکی شاروگوندەکان گەرم و نەرم و چەور بوو، باشە ئەدی ئەو نازونوزەمان بەسەر خەڵکدا چییە؟ پێشمەرگە پێشمەرگەیە و دەبێ پێشمەرگانەش بژی.

لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕش و ئیدامەکاریدا دەیگووت ئێمە کادروپێشمەرگەکان و تێکۆشەرانی حیزب نابێ و ناکرێ مەیدانەکە چۆڵ بکەین، منداڵی شەهیدان، کەمئەندامان، بریندارەکان، ئەگەر ئیمکانمان هەبێت ڕەوانەی دەرەوەیان بکەین، خەڵکی دیکەش کە لە نێوخۆ لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەدا ناچار دەبن بێنەدەر، دەکرێ پشتیوانییان لێبکەین تا بڕۆنەدەر، بەڵام تێکۆشەرانی حیزب دەبێ ئەو خەباتە بەرنە پێش، ئێمە شۆڕشمان هەڵگیرساندووە و خەڵک ماڵی وێران بووە و کوڕی شەهید بووە و دەبێ ئەو خەباتە درێژە بدەین. حەقمان نییە لێدەین و بڕۆین و مەسئولیەت بە جێبێڵین. هەر بۆیە کاک سەعید دژی هاتنەدەرەوەی ئەو تێکۆشەرانەی حیزب بوو کە توانای کار و خەباتیان هەبوو.

ئەو بەڕاستی ڕووناکبیرێکی خەباتگێڕ بوو. ئەو یەکپارچەییە ئەخلاقی و تێمپرێمێنتەی ئارلیەتەی کە بۆ کاری ڕێبەری و ڕووناکبیری خەباتگێڕ پێویستە بە باشترین شێوە لە کاک سەعیددا هەبوو. ئەو قسە و کردەوەی یەک بوون.

ئەو بە تەوازووع بوو. خاکی بوو، لە ڕاست هاوڕێ و کادروپێشمەرگەکانی حیزبدا سنگفراوان و بەگوزەشت بوو، بەتایبەت لە بەرانبەر پێشمەرگەکاندا زۆر نەرم و لەسەرەخۆ بوو، بەڵام قەت لە ئوسوول لای نەدەدا.

لەبەرانبەر دوژمنان و ناحەزانی حیزب و گەلدا سەخت و بەهێز و پتەو بوو. دیفاع لە حیزب و سیاسەتەکانی حیزب بۆ ئەو ئەرکی هەرەئەسڵی تێکۆشەرێکی حیزبی بوو.

کاک سەعید بۆ کادروپێشمەرگەکان هەر ڕێبەری حیزب و سکرتێر نەبوو، برا و پشت و پەنایان بوو. براگەورە و مامۆستا و ڕێنوێنیکەریان بوو. ئێمپاتی بۆ پێشمەرگەکان و ژیان و گوزەرانی بنەماڵەکانیان هەبوو. مامۆستا بوو، بەڵام سەختگیر و پڕچاوەڕوانی بوو، کارو خۆماندووکردنی لە قوتابی و هاوڕێکانی دەویست. جارێک وتی ئەندامی حیزبی دێموکرات کاری ئەوە نییە وەک ئەندامی حیزبە لیبراڵەکان چەندساڵ جارێک لە هەڵبژاردندا دەنگ بداتە حیزب و ئیدی کاری تەواو بێت. ئەندامی حیزبی دێموکرات دەبێ کەسێکی شۆڕشگێڕ و ئامادەی فیداکاری بێت. ئاخر دەیزانی ڕێی خەبات سەخت و درێژە و پێویستی بە کار و تێکۆشانی لەڕادەبەدەری هەمووان هەیە.

خاوەنی شەممی سیاسی بوو. پاش شەهیدبوونی کاک دوکتور قاسملوو، کاتێک بە سکرتێری هەڵبژێردرا، لە پلینۆمدا چەند قسەیەکی کردن کە بەڕاستی مێژوویی بوون. وتی ئەوە کە دەنگی متمانەتان داوە بە من سوپاستان دەکەم. دانیشتن لە جێگای پێشەوا و قاسملوو بۆ من شانازییەکی گەورەیە بەڵام دەبێ بزانین کە من لە هەلومەرجێکدا سوککانی ڕێبەرایەتی حیزب بەدەستەوە دەگرم کە ئاستی کاروچالاکی حیزب ڕوو لە دابەزینە بەرەوخوار. دەزانم ئەوە لە مێژوودا گران لەسەر من دەکەوێت، بەڵام چوونکە ڕەوتی خەبات ئەوەی خستۆتە سەرشانم بە هاوکاری ئێوە و خەڵکی کوردستان ئەو مەسئولیەتە قبووڵ دەکەم و هەموو توانای خۆم بەکار دێنم ڕووسوور لە بنی بێمە دەر واتە ئەو لە دوورەوەڕا وەزعی دەدیت و دەوخوێندەوە.


پێوانەی هەر کردەوەو حەرەکەتێکی شۆڕشگێڕانە لە کوردستاندا بۆ کاک سەعید، بریتی بوو لە تێکۆشان بۆ سەقامگیرکردنی ئازادی و دێموکراسی و سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی. سیاسەت و تاکتیک بۆ کاک سادق دەستەواژەی ئەبستراکت و زێهنی نەبوون، لە ڕوانگەی ئەوەوە سیاسەت کردەوەی خەباتگێڕانە بوو بۆ باشترکردنی وەزعی میللەتی کورد، بۆ ڕزگاری کوردوکوردستان، سیاسەت لای کاک سەعید خەبات بوو. هەر بۆیەش بە حەق و بە کردەوە ببووە ئاوێنەی باڵانوێنی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.

کاک دوکتور کوردستان و میللەتی کوردی خۆش دەویستن و هەموو ژیان و لێوەشاوەییەکانی خۆی بۆ خزمەت بەوان تەرخان کردبوو. ئەو لەو سیاسەتمەدارانە نەبوو کە خەڵکیان وەک ئامرازی بردنەپێشی مەبەستەکانی خۆیان دەوێت. ئەو جگە لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی کورد و کوردستان و گەلانی دیکەی وڵاتەکەمان، هیچ بەرژەوەندییەکی دیکە و هیچ ئەجێندایەکی شاراوەی نەبوو بەڵام شانازی دەکرد کە جێگای ئومێدی گەل و حیزب و نەتەوەکەیەتی. ئەوەی بە شانازی و ئیفتیخار دەزانی و ئەوەش بەنۆرەی خۆی وزەوتوانای بۆ کاروخەبات پێ دەدا.

خەبات بە دژی ستەمی نەتەوایەتی، ڕیسالەتی ئەسڵی کاک دوکتور شەرەفکەندی

**حیزبی دێموکراتی خۆش دەویست، بەڵام حیزبی دێموکراتی بۆ خزمەت و ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕش و بزووتنەوەی کوردستان دەویست. پێی وانەبوو کە کادر دەتوانێ جێگای تەشکیلات و تەشکیلات جێگای خەڵک بگرنەوە. ئەو حیزب و تەشکیلات و تێکۆشەرانی حیزبیشی بۆ خزمەت و بردنەپێشی خەباتی خەڵکی کوردستان دەویستن**

**سیاسەت و تاکتیک بۆ کاک سادق دەستەواژەی ئەبستراکت و زێهنی نەبوون، لە ڕوانگەی ئەوەوە سیاسەت کردەوەی خەباتگێڕانە بوو بۆ باشترکردنی وەزعی میللەتی کورد، بۆ ڕزگاری کوردوکوردستان، سیاسەت لای کاک سەعید خەبات بوو. هەر بۆیەش بە حەق و بە کردەوە ببووە ئاوێنەی باڵانوێنی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران**



مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەکۆمەڵ دەژی. ئەوەش لە نیاز و پێداویستییە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی ئینسان و ڕاستییەکانی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێ بۆیە هەر لە سەرەتای مێژووەوە چۆنیەتی ئیدارە و ڕێکخستن و ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگا ئینسانییەکان، و تەنزیمکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان مەسەلەیەکی گرنگ بووە و مرۆڤ کاری بۆ کردووە .

ئێستا پاش تێپەڕینی چەندین هەزار ساڵ بەسەر ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، شکڵ و نیوەرۆکی ئیدارەکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ئینسانیەکان پەرەی سەندوە و زۆر چۆتە پێش.

لەو پێوەندییەدا گرنگترین مەسەلە، مەسەلەی بەشداری خەڵکە لە ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا. ڕادەی بەشداری خەڵک لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری کۆمەڵگادا، شکڵ و نێوەڕۆکی دەسەڵات، دەوڵەت و حکومەت دیاری دەکات.

لێرەوەیە کە حکوومەتەکان، تایبەتمەندی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری یا دێموکراتیک بەخۆوە دەگرن.

لە سەردەمی ئێستادا، چڵەپۆپەی گەشەکردنی ئەزموونی مرۆڤایەتی بۆ ئیدارەکردنی کۆمەڵ، بریتییە لە دێموکراسی. مێژووی مرۆڤ تەجرووبە و ئەزموونێکی باشتر لە دێموکراسی بەخۆوە نەدیوە. هەرچەند دێموکراسی ڕەنگە کەموکوڕی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵام لە هەموو سیستمەکانی دیکە باشترە و بواری هەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵ و فەردی ئینسانی لە هەموو بوارێکەوە دەستەبەر دەکا.

جەوهەری دێموکراسی بریتییە لە بەشداری (participation) و موشارەکەتی خەڵک لە کاروباری کۆمەڵ و دەوڵەت و حکوومەتدا.

ئەسڵێکی دیکە لە دێموکراسیدا، بریتییە لە قبوولکردن و وەبەرچاوگرتنی نەزەر و بیروبۆچوونی زۆرایەتی خەڵک لە کۆمەڵدا؛ بەڵام سەرەڕای ئەوە، کۆمەڵ دەستەوتاقم و چین و توێژ و گرووپی جۆراوجۆری دیکەشی تێدان کە پێیان دەوترێ کەمایەتی، وەک کەمایەتییە نەتەوەییەکان، کەمایەتییە زمانییەکان، کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبییەکان و هتد، کەمایەتی ژمارەییشمان هەیە.

ئەوە کە دەوڵەت، یا سیستمیکی سیاسی چۆن لەگەڵ ئەو کەمایەتییانە ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکات، ماهیەتی ئەو سیستەمە سیاسییە دەسنیشان دەکات.

مەبەست لە بەشداری و موشارەکەت، بریتییە لە بەشداری خەڵک لە کاروباری سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگاکانیاندا بەڵام بەشداری سیاسی لە هەموو لایەنەکانی دیکە گرنگترە و مەبەستی ئێمەش لە بەشداری زۆرتر بەشداری سیاسییە.

لە دێموکراسیدا خەڵک دەتوانن لە ئیدارەکردنی کاروباری سیاسی خۆیان و حکومەت و دەوڵەتدا بەشدار بن.

یانی موشارەکەتی خەڵک، بەستێنی هەڵدان و پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئینسانەکان و کۆمەڵ و سیستمی سیاسی و حکوومی پێک دێنێ.

کۆمەڵناسەکان ئەمڕۆ لەسەر ئەو باوەڕەن کە مەبەست لە پەرەسەندن (Deelopment) بریتییە لە بەشداری هەرچی زۆرتری خەڵک لە پرۆسەی سیاسی و کاروباری وڵاتەکەیاندا.

ڕادەی بەشداری خەڵک و چۆنیەتی ڕێگا و میکانیزم و ئالیاتەکانی بەشداری خەڵک، ڕەوایی و لیگیتیمەیشن، بە دەوڵەت و سیستمی سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەڵدا دەدەن.

گرنگی و بایەخی موشارەکەتی خەڵک لە کاروباری سیاسیدا هێندە پڕبایەخە، کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان، وەک ڕێگاچارە و ستراتیژی هەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵ حیسابی بۆ دەکەن .

لەڕاستدا دێموکراسی و پێشکەوتن و پەرەسەندن، بە بێ بەشداری و موشارەکەتی خەڵک لە کاروباری سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی خۆیان و وڵاتەکەیاندا، مومکین نییە. مەبەستمان لە موشارەکەت، بریتییە لە موشارەکەتی خەڵک وەک تاک، وەک گرووپ، وەک نیهاد و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەحزابی سیاسی و ڕەوتە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵ واتە بەتەنیا و بەکۆمەڵ.

لە دێموکراسیدا لایەنی جۆراوجۆر هەن. بەشداری ئاگاهانەی خەڵک و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکان، ڕادەی کەیفیەتی بەشداربووان دەردەخا. جیا لەوە موشارەکەت دەبێ ڕۆڵی هەبێ و تەئسیری هەبێ و نەزەرو بیروبۆچوون و ویست و داخوازەکانی خەڵک وەبەرچاو بگیردرێ . دەنگی خەڵک دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ، ئەوە جەوهەری دێموکراسییە. بەوپێیە دەگەینە ئەو ئاکامە کە ڕادەی بەشداری و میکانیزمەکانی بەشداری خەڵک لە کاروباری سیاسی خۆیاندا جەوهەری دێموکراسی و ئازادی و عەدالەتە.

درێژەی هەیە....

# زەنگی مەترسیداری گۆڕینی دێمۆگرافیای کوردستان



شەماڵ تەرغیبی

## پێشەکی

هەوڵدان بۆ گۆڕینی دێموگرافیا یەکێک لەو سیاسەتە دژەمرۆڤانە و تۆقێنەرانەیە کە بەشێک لە دەسەڵاتە نارەواکان بۆ ئامانجی تایبەتی خۆیان لە دژی کەمینە ئێتنیکییەکانی ژێر دەسەڵاتیان کەڵکی لێوەردەگرن کە بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەو حوکمڕانییانەی کە بوونیان هەیە ئەم ڕاستییەمان زیادتر بۆ دەردەکەوێ. سیاسەتی تەعریب، تەتریک و تەفریس واتە بەعەرەبکردن، بەتورککردن و بەفارسکردن لانیکەم لەو وڵاتانەدا کە کوردی بەسەردا دابەش کراوە ساڵانێکی دوور و درێژە کە بونیان هەیە. بەو مانایە کە دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ ئەوەیکە کورد لە هەر کام لەم پارچانە بتوێننەوە و خاشەبڕی بکەن کەڵکیان لە هەموو جۆرە مێتۆد و مۆدێلێکی ئاسمیلەکردن و پاکتاوکردن وەرگرتووە؛ لەوانەش شەڕی زبر و هەوڵدان بۆ ملکەچکردن و کوشتن و بڕین و گرتن و ئێعدام و حەزفی فیزیکی و شەڕی نەرم و هەوڵدان بۆ سەپاندنی ئەدەبیات و فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست و بەکەمزانینی کلتووری کەمینە نەتەوەییەکان و ... . لە ماوەکانی ڕابردوودا و لە ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» هەواڵێک بڵاو کرایەوە کە بەپێی ئەم هەواڵە لە ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوییەوە ساڵانە ڕێژیمی ئێران ١٢ بنەماڵەی کۆچەری «تورک»ـی بەشێوەی بەرنامەداڕێژراو لە شاری «مەهاباد» جێگیر کردووە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە پێشتریش لە شارەکانی سەڵماس، خۆی، ماکۆ، ورمێ، میاندواو، نەغەدە و تەنانەت لە پارێزگای سنەش ئەم سیاسەتە پەیڕەو کراوە. هەروەها ئەم سیاسەتە لە باشوری زاگرۆسیش واتە لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان بەشێوەیەکی جیددی چ لە سەردەمی ڕەزاشای پاڵەوی و چ لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ڕەچاو کراوە و بەردەوام هەوڵ دراوە کە باری حەشیمەتی پارێزگاکانی کوردستان و گرێچنی کۆمەڵایەتی شارەکانی کوردستان و تەنانەت ئەگەر بلوێ گوندەکانی ئەم هەرێمەش بگۆڕدرێ. دیارە ئەمە نموونەیەکی بچووک لە کۆی ئەو هەوڵانەیە کە وەک باس کرا تەمەنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش لە شۆڕشی گەلانی ئێران و سەردەمی دەسەڵاتدارێتی حەمەڕەزاشای پاڵەوی و ڕەزاشای باوکی کە ئەوانیش بە میرات لە دەسەڵاتدارییەکانی پێش لە خۆیان بۆیان بەجێ مابوو؛ ئەوەیکە لێرەدا بۆ ئێمە جێگەی باسە نەک لایەنە مێژووییەکانی ئەم دیاردە و هەڵدانەوەی دیرۆکی ئەم سیاسەتە بەڵکوو زیادتر ئامانجەکانی پشتی پەردە و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتووی وڵاتەکەمان و ئەرکی نەسڵی ئێستەیە کە دەبێ بزانن چۆناوچۆن بەرامبەر بەم پیلانە نگریسە بجوڵێنەوە بەڵام بەو حاڵەشەوە ناکرێ باس لە چەند نموونەیەکی مێژوویی نەکرێ:

## سیاسەتی تەعریب لە کوردستانی باشوور وەک نموونە

لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە لە سەردەمی کابینەی یاسین ئەلهاشمی، یەکەمین هەنگاوەکانی تەعریب بە نیشتەجێکردنی هۆزی عوبێدیی عەرەبی لە ناوچەی حەویجە دەستی پێکرد. پاشان لە سەردەمی پاشایەتی و کۆماری ئەم هەوڵانە بەردەوام بوون، هەتا لە سەردەمی بەعس، پرۆسەی تەعریب گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی و بووە بەشێک لە سیاسەتی فەرمیی حکومەتی عێراق کە ئەو سیاسەتە تەعریبەی کە پەیڕەو دەکرا هەڵقوڵاوی بیر و تێڕوانین و بەرژەوەندی شۆڤینیزمی عەرەبیی عێراقی بوو. بیرێک کە ئێستەش لەم وڵاتەدا هەر بوونی هەیە بەڵام بە هەندێ هۆکاری ناوچەیی و جیهانی ئیمکانی جێبەجێکردنی وەک ڕابردوو ئاسان و سادە نییە. تەعریب، سیاسەت و پرۆسەیەکی ورد و لەپێشداداڕێژراو بوو و لە چەند قۆناغێکدا جێبەجێ کرا؛ قۆناغی یەکەم لە ١٩٦٣ تا ١٩٦٨، قۆناغی دووهەم لە ١٩٦٨ تا ١٩٧٥، قۆناغی سێهەم لە ١٩٧٥ تا ١٩٨٧، قۆناغی چوارەم لە ١٩٨٧ تا ١٩٩١. قۆناغەکانی یەکەم و دووهەم لەچاو قۆناغەکانی سێهەم و چوارەم زۆر سەختگیر نەبوون. لە قۆناغی یەکەم نزیکەی ٧٠ گوند لە دەوروبەری شاری کەرکوک و قەزای دوبز و ناوچەی کەندێناوە تەعریب کران. سیاسەتی تەعریب لە قۆناغی دووهەمدا زۆر پچڕپچڕ و بەنهێنییەوە ئەنجام دەدرا چونکە دانوستان لە نێوان حکومەت و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردی، لە ١٩٧٠-١٩٧٤، لەئارادا بوو. ئیتر لە ١٩٧٥ بەملاوە قۆناغی سێهەم لە تەعریبکردنی کوردستان بەچڕی دەستیپێکرد. لەم قۆناغەدا نزیک بە ٦٦٠ گوند لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان تەعریب کران و ژمارەیەکی زۆر گەڕەکیش لە نێو شاری کەرکوک و دەوروبەری دروست کران بۆ حەوانەوەی ئەو عەرەبانەی لەو سەردەمە بە لێشاو دەهێنران بۆ شارەکە. ئەم پرۆسە دواجار بەمشێوەیە بە ئەنجامی کۆتایی گەیشت کە لەکاتێکدا کە کورد هەزارهەزار لە کەرکوک دەردەکران، لەهەمانکاتدا عەرەب بەهەزارهەزار هاوردە دەکران. لەکاتێکدا کە هاتوچۆ و کۆچکردن و کارکردنی کوردان لە کەرکوک دەیان تەگەرە و کۆسپی لەپێش دروست دەکرا و ئەوان ناچار دەبوون بۆ درێژەی ژیان زێدی خۆیان جێ بهێڵن و ڕوو لە شار و ناوچەکانی تری کوردستان و عێراق بکەن، لەهەمانکاتدا، حکومەت نەک هەر ئاسانکاری بەڵکو پارەی بێ بەرامبەر و پارەی وەک قەرز و زەوی و خانوبەرەی دەدا بەو عەرەبانەی لە شارەکانی باشور و ڕۆژاوای عێراقەوە دەهاتن بۆ کەرکوک.

> **به کەم لەقەڵەمدانی زمان و ئەدەبیات و کلتور و وردەکلتوورەکانی گەل لەم ناوچانە و بە پێچەوانەوە بەرزنرخاندنی زمان و دابونەریتی قەومی باڵادەست لە چوارچێوەی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی تاران هەوڵیان داوە و دەدەن کە گەل لە خۆ نامۆ بکەن. هاوتەریب لەگەڵ ئەم کردارە، دەسەڵات بە ناردنی کەسانی ناخۆجێیی لە قەومی فارس و گەلی تورک و جێگیرکردنیان لە شارەکانی کوردستان و سڕینەوەی هێما و ناوە کوردییەکان و جێگۆڕکێ پێکردنیان لەگەڵ ناوی پەسندکراوی دەزگای ویلایەت، ویستی شۆڤینیستی خۆیان تا لێواری مەرگی گەلێک و نیشتمانێک بردووەتە پێش**

هەوڵ و ئاسانکارییەکانی حکومەت هێندە بۆ عەرەبەکان تەماحگیر بوون کە ساڵانە بە هەزاران کەس دەهاتن بۆ کەرکوک و دەوروبەری و ناوچە تەعریبکراوەکان لە سەرتاسەری کوردستان. بۆ جێکردنەوە و حەوانەوەشیان، حکومەتی عێراقی سەدان شوێنی نیشتەجێبوونی لە پارێزگای کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیا بیناسازییەکانەوە درووست کرد کە هەر یەکێکیان سەدان خانوی لەخۆدەگرت. حکومەت سڵی لە هیچ شتێک نەدەکردوە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری کوردبوون لە کوردستان لەوانەش گۆڕینی ناوە کوردییەکانی ناوچەکە؛ بۆنموونە، پارێزگای کەرکوک کرا بە پارێزگای تەئمیم؛ قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان لە کەرکوک کرا بە قوتابخانەی ئامادەیی عەبدولمەلیک بن مەروان؛ قوتابخانەی سەرەتایی پیرەمێرد گۆڕدرا بۆ قوتابخانەی سەرەتایی ئەلبەکر، گوندی ترکاشان کرا بە قەعقاع، قەرەهەنجیر ناونرا ئەلرەبیع و دەیان نموونەی تری لەو چەشنە.

## تەفریس و تەتریک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

ئەوەیکە وەک نموونە لەسەر کوردستانی باشوور باس کرا بەشێوازێکی تر و ڕەنگە زۆر جیددیتر و مەترسیدارتر لە ڕۆژهەڵات بەڕێوە چووە و ئێستەشی لەگەڵدا بێ هەر پەرەی پێ دەدرێت؛ ناوچەکانی باشوور و باکووری زاگرۆس یان بەڕوونی پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و ورمێ سێ ئامانجی سەرەکی داگیرکەرانی کوردستانی ئێران بوون کە هەوڵ بۆ دابڕاندنیان لە کوردستان و کوردایەتییان دراوە و لە مێتۆدی گۆڕینی دێموگرافیاکەیان کەڵک وەرگیراوە. هەوڵێک کە نرخەکەی خەڵک و بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد داویەتی و قازانجەکەی حکومەت بردوویەتی! لە سەردەمی پاڵەوی یەکەم و دووهەمدا ڕەوتێک لە ئێران سەری هەڵدا کە ئێستە بە ڕەوتی گەشەکردن یان بەڕۆژبوون یان مۆدێرنیزەکردنی ئێران ناوی لێ دەبرێت کە گوایە شاکانی ئێران ویستوویانە بەبێ جیاوازی ئێران بگەشێننەوە؛ جا چ لەڕووی ئابوورییەوە بێ چ فەرهەنگی و چ کۆمەڵایەتی و هتد. بەڵام کاتێک باس هاتە سەر کوردستان دیتمان کە گوندەکانی ئەم هەرێمە خرانە پەراوێزەوە و لە ڕووی ئابوورییەوە نەتەنیا هەوڵ بۆ گەشەکردنیان نەدرا بەڵکوو لەمپەڕی جۆراوجۆریش خرایە بەردەمیان و لانیکەم کەرتی جوتیاری لە کوردستان (کە سەرەکیترین سەرچاوەی بژێوی و داهاتی ئەم کۆمەڵگا بوو) هەروا بەشێوەی نەریتی مایەوە؛ هاوکات شارەکانی کوردستان بەخێرایی گەشەیان دەکرد و چینی مامناوەندی کۆمەڵگا زیادتر گەورە دەبوویەوە و لانیکەم نەسڵێک توانیبووی دنیای نوێ ببینێت و خولیای گەشەسەندنی وڵاتەکەیان لە مێشکدا بۆ درووست ببێ بەڵام لەکاتێکدا دەسەڵاتی ناوەند سەرقاڵی خۆفەڕزکردن و خۆسەپاندنی زیادتر بەسەر کوردستاندا بوو، هەوڵی چینە ڕووناکبیرەکانی کوردستان (لەوانەش پێشەوا قازی محەممەد، سماییل شەریفزادە و هاوڕێیانی، د.قاسملوو و ...) بۆ چەسپاندنی مافە پێشێلکراوەکانی ئەم گەلە کرانە بیانوو لە دەستی دەسەڵاتی ناوەند بۆ زیاتر چەوساندنەوەی گەل! و بێبەشکردنی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووری و دواتریش فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەم تێڕوانینەی ناوەند بۆ ئەویترەکان لە کوردستان لەسەر باشووری زاگرۆس، کە وەک قوڵایی ستراتێژی کورد دەبێ سەیری بکرێت، زیادتر و زیادتر بوویەوە و هەوڵێکی جیددی بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی لەم پارێزگایانە دەستیان پێکرد و هاوشێوەی دەوڵەتی عێراق (وەک لە نموونەکە باسی لێوە کرا) هەوڵ درا کە بە گۆڕینی ناوە کوردییەکان (بۆوێنە کەڵکوەرگرتن لە ناوی «باختران» و «کرمانشاه» و دواتریش «قهرمانشهر» لە باتی کرماشان) ئەم ناوچەیە لە ڕەسەنایەتی خۆی دوور بخەنەوە.

هەروەها بە کەم لەقەڵەمدانی زمان و ئەدەبیات و کلتور و وردەکلتوورەکانی گەل لەم ناوچانە و بەپێچەوانەوە بەرزنرخاندنی زمان و دابونەریتی قەومی باڵادەست لە چوارچێوەی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی تاران هەوڵیان داوە و دەدەن کە گەل لە خۆ نامۆ بکەن. هاوتەریب لەگەڵ ئەم کردارە، دەسەڵات بە ناردنی کەسانی ناخۆجێیی لە قەومی فارس و گەلی تورک و جێگیرکردنیان لە شارەکانی کوردستان و سڕینەوەی هێما و ناوە کوردییەکان و جێگۆڕکێ پێکردنیان لەگەڵ ناوی پەسندکراوی دەزگای ویلایەت، ویستی شۆڤینیستی خۆیان تا لێواری مەرگی گەلێک و نیشتمانێک بردووەتە پێش. ئەم پرسە لە ساڵانی ڕابردووشدا بەبیانووی هەبوونی هەلی کار لە شار و ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لەوانەش پیرانشار، بانە، مەریوان، سەردەشت، سەقز و ... ئەنجام دراوە و ڕێژیمی تاران بە ناردنی کەسانێک کە دیارە پشتگیری حکومەتیشیان هەیە دەستیان کردوە بە کڕینی خانوو و زەوی و باخ و ویلا و بەگشتی ملک لە شارەکانی کوردستان و بەو هۆیەوە کە دۆخی ژیانی خەڵکی هاوردەکراو بۆ کوردستان لە هەموو بوارێکەوە باشتر لە خەڵکی کوردستانە و ڕێژیم بە هەموو تواناوە پشتیوانیان لێدەکات؛ تەنانەت هانی بەناو بازرگانە تورک و فارسەکان دەدرێ کە بە کڕینی موڵکی تیجاری یان خانوبەرە و باخ و ویلا لە کوردستان شارەکانی ئەم نیشتمانە لە باری جوغرافیای ئینسانییەوە بگۆڕدرێ. لەم نێوانەدا نابێ نەخش و دەوری نێگەتیڤی هەندێ کەس لەبەرچاو نەگیرێ کە هاوشێوەی جاشە چەکدارەکانی ڕێژیم لە کوردستان کە دەبنە چاوساخ بۆ داپڵۆسینی لاوانی ئەم نیشتمانە، ئەوانیش ڕێگە (هەم لەباری زەینی و هەم لەباری کرداری) بۆ داگیرکەر خۆش دەکەن تاکوو زیادتر خۆی بەسەر ئەم میللەتەدا زاڵ و فەرز بکات. کاتێ داگیرکەر هەوڵ ئەدات لە قووڵایی کۆمەڵگای بندەستدا ڕۆ بچێت و بە خۆی جێبەجێ نابێ، تاقمێک لە کۆمەڵگای ژێردەست پەروەردە دەکات کە دەوری «سووپاپ ئێتمینان» دەگێڕن و ڕەوایی دەبەخشنە گوتار و ئیدیۆلۆژی و کۆلۆنیالیزمی داگیرکەر؛ واتە لەلایەکەوە چەمک و بایەخ و نۆڕمەکان دەشێوێنن و لەولاشەوە باوەشی داگیرکەر بە تاقانە شوێنی ئارام و دوور لە ژاوەژاو و تاقە ڕێگای بەختەوەری بۆ گەل وێنا دەکەن. ئەوەی ڕوونە ئیدئۆلۆژیی ڕەهای دەسەڵاتی ناوەند چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە دوای شۆڕشی ٥٧ و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا جێگەیەکی نەبووە و کوردستان تەنیا بەرەی شەڕ دژ بە تاریکی زاڵ بوو؛ بۆیە ڕێژیم لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ٨ ساڵە و بەبیانووی هەوڵدان بۆ سەقامگیری و ئاشتەوایی گشتی لە ئێران و بەتایبەت کوردستان تاقمێکی هەڵخەڵەتاند و ناوی ئیسڵاحخوازانی لێ نان کە یەکێک لە کارەکانی ئەم کەسانە لەڕاستیدا ڕەوایی بەخشین بوو بە کاروکردارەکانی دەسەڵات و هەروەها ڕەوایی بەخشین بە گشتییەتی نیزامی حاکم.

> **کاتێ داگیرکەر هەوڵ ئەدات لە قووڵایی کۆمەڵگای بندەستدا ڕۆ بچێت و بە خۆی جێبەجێ نابێ، تاقمێک لە کۆمەڵگای ژێردەست پەروەردە دەکات کە دەوری «سووپاپ ئێتمینان» دەگێڕن و ڕەوایی دەبەخشنە گوتار و ئیدیۆلۆژی و کۆلۆنیالیزمی داگیرکەر؛ واتە لەلایەکەوە چەمک و بایەخ و نۆڕمەکان دەشێوێنن و لەولاشەوە باوەشی داگیرکەر بە تاقانە شوێنی ئارام و دوور لە ژاوەژاو و تاقە ڕێگای بەختەوەری بۆ گەل وێنا دەکەن**

## کۆبەند و ئاکامگیری

لە دوارستەکانی ئەم وتارەدا دەمهەوێ بپرژێمە سەر ئەو خاڵە جەوهەرییە کە ڕێژیم بە چ ئامانجێک کار لەسەر گۆڕینی دێموگرافیای کوردستان دەکات و کاریگەرییەکانی ئەم سیاسەتە چی دەبن و ئەرکی نەسڵی نوێ لەم بیاڤەدا چییە؟ ڕەنگە وڵامدانەوە بۆ هەرکام لەم پرسانە هەڵگری چەندین وتاری لێکۆڵینەوەیی بێت بەڵام بەشێوەی کۆنکرێتی ئەگەر بمانهەوێ ئەم باسە بە ئاکام بگەیەنین دەتوانین بڵێین ئامانجەکانی پشتی پەردەی ڕێژیمە زاڵەکانی کوردستان بریتییە لە داماڵینی بەرگی شوناسی نەتەوەیی لە گەلە ژێرچەپۆکەکانیان و زاڵبوونی زیادتر لەباری زەینی و کردەیی بۆ ڕێگەخۆشکردن لەمەڕ هەڵلووشین و بەتاڵانبردنی زیاتری هەموو سامانەکانی ئەم وڵاتە کە ڕوونە ئەگەر لە ئێستەدا بەرپەرچ نەدرێنەوە و ڕێگرییان لێ نەکرێت پرسێک بەناوی نیشتمان و سامانە نیشتمانییەکان بۆ نەسڵی داهاتوو بوونی نامێنێت تاکوو ڕۆڵەکانی ئەم گەلە لە دوارۆژدا بتوانن کەڵکی لێوەر بگرن و لە حەنایا بحەسێنەوە؛ کەواتە ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی نەسڵی ئێستەی کوردستان کە بە نەفرۆشتنی خاکەکەیان بە نرخی زۆرزۆرەوەند بە ئەویترەکان و بەناو بازرگانەکان ڕێگری لەم تراژێدیا بکەن کە بڕیارە لە داهاتوودا یەخەی گەل دابگرێ. با لە ئێستەوە بیری لێ بکەینەوە کە وەک باشوری کوردستان تووشی گرفتەکانی «کەرکوک» نەبین و ئەم سەرێشە لێرەوە لە کۆڵ بکەینەوە.

# دارمانی ئەخلاقی کۆمەڵگا لە سایەی نەگبەتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا!



**هیوا خانی**

لە ئێراندا کەم کەس هەستی بەوە دەکرد کە کۆماری ئیسلامی بە دروشمی داشداری لە «مستضعفین» و ئەو هەمووە وادە و بەڵێنییە بریقەدارانە، ڕۆژێک ئاوا پۆپۆلیستییانە بۆ مەرامە پیسەکانی خۆی قووتی ڕۆژانە لە خەڵکی ئێران درێغ بکا!

هەرچەند گەلێک لە سیاسەتمەداران و لێزانانی نێو کۆمەڵگا زەنگی مەترسی دەسەڵاتی دین لە سیاسەتیاندا لێدابوو، بەڵام خەڵکی ئێمە هەتا بۆخۆی سەری وەبەردی نەکەوێ بڕوا ناهێنێ!

ئەوەی کە ئاخوندەکان چەند سەد ساڵ بوو بە ناوی پەروەردەی ئایینی و مێژووی کەسایەتییە ئیسلامییەکان و بەها و بایەخی کردەکانی دین و یەکسانی و داد و بەرایی کە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا تەبلیغیان بۆ کردبوو خەڵک لەگەڵ هەموویان ئاشنا بوو و لە هەموو میمبەر و کۆڕی وەعز و تازی و جێژن و بۆنەکانی ئیسلامی باسی دەکرایەوە بۆیە هەموو کەس تەنانەت چەپییەکانیش( هەڵبەت ئەوان بۆ مەرامێکی تر) سەری تەسلیمیان بۆ خومەینی و تاقمەکەی دانەواند! و لە بەرەوپێشبردنی مەرامیان و ئێعدامی (مفسدین فی الارض) و کوشتاری خەڵکی کورد و سەرکوتی «غائیلە»ی کوردستان و تورکەمەن سەحرا و بەڕێوەبردنی ئەمری خودا هاوکارییان کردن!

**کێشەی سەرەکی بواری ئابووری ئەمڕۆی ئێران لە دەرەوە سیاسییە بەڵام لە ناوخۆ ساڵیانێکە تووشی کێشەی بێ ئەخلاقی لە دەروونەوە بووە بەچەشنێک کە کۆمەڵگایشی گیرۆدە کردووە! کە وێنا ڕاستەقینەکەی لە نان بە هەموو نرخێک خواردن و پووڵ پەیدا کردن لە هەر ڕێگایەک، دەردەکەوێ**

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەو چل ساڵەدا بگێڕین، بۆمان دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی تا ئێستا چەند قۆناغی تێپەر کردووە کە ئەگەر بە وردی خوێندنەوەی بۆ بکرێ دەبینین قۆناغ لە دوای قۆناغ بار لەسەر خەڵک گران کراوە و ئازادی و هەڵسوکەوتی لێ بەرتەسک کراوەتەوە و بواری بژیوی ژیانی لێ سەخت کراوە! قۆناغەکانی دەتوانین بەمشێوەیە دابەش بکەین:

یەک: قۆناغی پاش ڕووخانی شا و دەوڵەتی کاتی؛ لەم قۆناغەدا کەسایەتی غەیرە مەلا بەتایبەتی لە ڕێکخراوەکانی بەرەی نەتەوەیی (جبهه ملی) و بزوتنەوەی ئازادی (نهضت آزادی) ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو و ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی ئەحزاب و ڕێکخراوەکان (هەر چەند ئیدەئاڵ نەبوو) بەڵام لەبەر چاو گیرابوو.

دووهەم: قۆناغی سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق؛ لەگەڵ ئەوەی شەڕ لە کوێ دەستی پێکرد هەر لەوێش کۆتایی هات! جیا لە زەرەر هیچ ڕوفایەتێکی بۆ خەڵکی ئێران نەبوو. تێچوویەکی ئێگجار زۆر و بە میلیۆن کوژراو و بریندار و کەمئەندام و مەوجی و هەتیو و بێوەژن و ئاوارە و ماڵوێرانییەکی زۆر لە پێناو وەدەستهێنانی هیچ! بۆ ژیانی خەڵک دیسان بە کۆپین ئەزراق و سوتەمەنی جیرەبەندی و دانی کاڵای ئەساسی درێژەی هەبوو.

سێهەم: قۆناغی پاش شەڕ یان سەردەمی چاککردنەوە و نۆژەن (سازندگی)؛ خومەینی پاش ئەوەی جامی ژەهری فڕ کرد و کۆتایی بە شەڕ هات! دەمرێ. بە دەهۆی ڕەفسەنجانی، خامنەیی دەکرێ بە ڕێبەر و ڕەفسەنجانی ئەو کات کە سەرۆکی مەجلیس دەبێ، خۆی بۆ سەرکۆمار بوون لەدەسک دەنێ و پەڵپ دەگرێ دەبێ یاسای بنەڕەتی چاوی بەسەردا بخشێندرێتەوە بۆیە پۆستی سەرۆکوەزیرانی لادەدرێ و دەسەڵاتەکەی لە سەر دەسەڵاتی سەرکۆماری هەڵدەچندرێ.

**ئەگەر چاوێک بە ئەو وەرچەرخانە ئابوورییانەدا بگێڕین کە لە ئێراندا ڕوویان داوە بۆمان دەردەکەوی کە هەڵاوسان، بێکاری، قەرزداری، هەژاری و نەداری ... دەسکەوت و ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەو ئاڵوگۆڕە و بێ چاوەڕوویی، خۆبەزلزانی،نەمانی بڕوا و متمانە، پەرەئەستاندنی درۆ و دزی و دەستبڕی و تاوان و جینایەت و دەڵاڵ بازاری، پێشێلکردنی بنەماکانی ئەخلاقی، پەرەئەستاندنی بەرتیل، فەساد و بێناموسی و بەدڕەوشتی لە ئاکامی ناڕاستەوخۆی ئەو سیاسەتەی ڕێژیمی تاران دێنە ئەژمار**

ڕەفسەنجانی دەبێتە سەرکۆمار و قۆناغی (سازندگی) دەست پێدەکات و ئاڵوگۆڕێک لە بواری ئابووری دێنێتە ئاراوە! ئەو ئاڵوگۆڕە وەرچەرخانێک دەبێ لە ئابووری کۆپینی و دەوڵەتی نەک بۆ لیبراڵی بەڵکوو بۆ ئابووریی ڕانتی لەسەر بنەمای ئایدئۆلۆژی توندی ئیسلامی بە چاوچنۆکی ئاخوندی چاوبرسی و دڕندە! ئەو ئاڵوگۆڕە بە کردەوە بووە هۆی گرژی بواری پرسە ئابوورییەکان لە ئێران بە چەشنێک کە زۆرێک لە گرفتەکانی ئەمڕۆی خەڵکی ئێران لەو سیاسەتە ئابوورییەی ڕەفسەنجانییەوە سەرچاوە دەگرێ.

چوارەم: سەردەمی ڕێفۆرمخوازی؛ لەم قۆناغەدا هەر چەند هێندێ لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە لەم قۆناغەدا هێندێ درز بۆ بواری سیاسی کرانەوە - کەچی نەکرانەوە - لە بواری ئابووریش هەر درێژەدەری گەڵاڵەی پێنج ساڵە بوون بەڵام تاڕادەیەک دەستی بناژۆخوازانی کورت کردبۆوە.

پێنجەم: سەردەمی بناژۆخوازان؛ بەپێچەوانەی سەردەمی (سازندگی) کە زۆر نەرم دەستی بۆ گیرفانی خەڵک و سەرمایە و داهاتی گشتی دەبرد، لە دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد لە بواری ئابووری، زەربەیەکی گرچووبڕی لە داهاتی سەرانەی خەڵکی ئێران دا. لەگەڵ ئەوەی نرخی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا بە ١٥٠ دۆلار بوو، بە یارانەی ٤٥٥٠٠ تمەنی هەموو نرخەکانی ئازاد کرد کە بە ئاشکرا خەڵکی مایەپووچ کرد و کەسیش وەدەنگ نەهات.

شەشەم: قۆناغی سەردەمی ئاشکرا بوون؛ ئەوە سەردەمی ئاشکرابوونی دەهۆی دووجەمسەری دەسەڵات لەلایەن خەڵکەوەیە، ئێستا دوو بەرەی خەڵک و دەسەڵات هاتۆتە ئاراوە، هەموو دەهۆکانی ڕێژیم کەشف بوونە و دەسەڵات بە کەڵەزەڕی حکومەت دەکا. ئێستا سەردەمێکە کە وەک دەڵێن: «دوایین گەلەی لە تابووتی خەڵکی ئێران دا « ئابلۆقەکانی ئامریکا و هەڵاوسان و نارەزایەتی خەڵک و خەزێنەی بەتاڵ وای کردووە کە کۆمەڵگا بە دوو توێژی هەژار و دەوڵەمەند دابەش بێ، توێژی سێهەمێک بوونی نییە. ئابووریی ئازاد و خەزێنەی بەتاڵ و خەڵکی مافخوراو هاوکات ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قایشی ئابلۆقەکان لە سەر ئێران توند و توندتر دەبن و دەربازبوون لەم بارودۆخە دوو ڕێگای هەیە، هەڵگەڕانەوە و حاشاکردن لە دروشمی ئەو چوار دەیە و تەسلیمبوون و نیشاندانی (نرمش فوق قهرمانانە) یان بەجێێ بێڵن و خەڵک سەرلەنوێ چێی بکەنەوە.

ئاڵوگۆڕیی ئابووری لە دەوڵەتییەوە بۆ لیبراڵییەکی ڕانتی، بەبێ سازدانی بنەماکانی پێویست بۆتە هۆی ئەوەی ئابووریی ئێران بە تەواوی لەبەریەک هەڵبوەشێتەوە. هەڵاوهسان لەوپەڕی بەرزی خۆیدایە و گەمارۆکانی ئامریکاش بە یەکجاری چەرخی ئابووری لە کار خستووە!.

ئەو بوارە ئابوورییە گەیشتۆتە قۆناغێک ئاداری بەسەر پادارەوە نەماوە، ڕەشمەی لە سەری داماڵدراوە و بە کەس دەگیران نایە، بازاڕ بە ڕاددەیەک ئاڵۆز و شپرزەیە کە نە قانوون لە کاردا ماوە و نە ڕەحم و بەزەیی و نە ئینساف و نە ئینسانییەت! بێنە بەرچاوی خۆت تاقمێک گورگ بە مێگەلێک مەڕ وەربووبن!

ئەوەی ڕاستی بێ لە ئێران ئەخلاق لە ئابووری جیا کراوەتەوە.

زۆرێک لە ئابووریناسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە بۆ ئەوەی وڵاتێک بتوانێ ئاسایشی خەڵکی خۆی دابین بکات، هەروەها سیستمێکی ئابووری سڵامەت و تەندروستی هەبێ، هەبوونی ئەخلاقی ئابووری مەرجی سەرەکییە. ئەویش ویژدان و ئینساف و ڕەحم و بەزەیی و داد و دادپەروەرییە.


کێشەی سەرەکی بواری ئابووری ئەمڕۆی ئێران لە دەرەوە سیاسییە بەڵام لە ناوخۆ ساڵیانێکە تووشی کێشەی بێ ئەخلاقی لە دەروونەوە بووە بەچەشنێک کە کۆمەڵگایشی گیرۆدە کردووە! کە وێنا ڕاستەقینەکەی لە نان بە هەموو نرخێک خواردن و پووڵ پەیدا کردن لە هەر ڕێگایەک، دەردەکەوێ.

هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا ڕێژیم لەوەتەی هاتۆتە سەر حوکم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زەخت و فشارەکانی لە هەموو بوارێکدا کە بۆی لوابێ زیاد کردووە. بەتایبەت لە بواری ئازادی و ئابووری. هێنانەوەی ئەو هەمووە سوغرا و کوبرایە بۆ ئەوە بوو کە بڵێم، ئەگەر چاوێک بە ئەو وەرچەرخانە ئابوورییانەدا بگێڕین کە لە ئێراندا ڕوویان داوە بۆمان دەردەکەوی کە هەڵاوسان، بێکاری، قەرزداری، هەژاری و نەداری ... دەسکەوت و ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەو ئاڵوگۆڕە و بێ چاوەڕوویی، خۆبەزلزانی،نەمانی بڕوا و متمانە، پەرەئەستاندنی درۆ و دزی و دەستبڕی و تاوان و جینایەت و دەڵاڵ بازاری،پێشێلکردنی بنەماکانی ئەخلاقی، پەرەئەستاندنی بەرتیل، فەساد و بێناموسی و بەدڕەوشتی لە ئاکامی ناڕاستەوخۆی ئەو سیاسەتەی ڕێژیمی تاران دێنە ئەژمار.

زۆر لە مێژە گەندەڵی ئیداری و بەرتیل لە دامودەزگاکانی ئێران تەنانەت لە مەحکەمەکانیش ڕیشەی داکوتاوە و بەراددەیەک زۆر بووە کە شەرم هەڵگیراوە و بەرپرس بۆ کاری ئاسایی داوای بەرتیل دەکات! دەوڵەمەندی بێچاوەڕوو و خۆبەزلزان دەستدرێژی و زوڵم لە بێدەسەڵات و فەقیر و داماوان دەکەن و بە پووڵ هەموو کارێکیان بۆ دەچێتە سەر و بە دەمی بۆگەنەوە پێیان پێدەکەنن! نەبوونی و هەژاری بۆتە هۆی دزی، بۆتە هۆی درۆزنی، بۆتە هۆی گزی و فزی و دەستبڕی، بۆتە هۆی ئەوەی کە کابرا دەست بۆ تاوان و تەنانەت جینایەتیش بەرێ، دەڵاڵ بازاری بڕەوی پەیدا کردووە، دیتنی ڕۆژانەی ئەو هەموو ناڕاستی و خواری و کارە نالەبارانە لە شار و بازاڕ و بڵاوکردنەوەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کارێکی وای کردووە بڕوا و متمانەکردن لە کۆمەڵگا بار بکا. کابرا کاتێک دەبینێ یاسا پێشێل دەکرێ و نەماوە، بە پووڵ جێگۆڕکێ بە حەق و ناحەق دەکرێ و کەس وڵامدەر نییە، وەزعەکە گەیشتۆتە ئاستێک کە هیچ شتێک لە جێگەی خۆیدا نەماوە. دەسەڵاتی ئێران کە لە هەموو بارێکەوە بەهۆی ناڕاستی و بەرژەوەندخوازی و خۆویستی فەشەلی هێناوە، خەڵکی لە بیر نییە و لەگەڵ ئەوەی دەزانێ باری تەندروستی و ژیان و بەڕێوەچوونیان چۆنە، مووشی لێنابزوێ.

هەر ئەو سیفەتە دزێو و ئاکارە نالەبارانەی دەسەڵات، کاریگەری لەسەر خەڵکیش هەبووە و ئەوڕۆ کە ئاوسان ئەگەر بڵێین سی لە سەد بێ، بازاری و سەرمایەدار و خاوەن کاڵاش بەزەییان بە خەڵکدا نایە و ئەوانیش سی لە سەدی بەسەردا دەکێشن و بەو هۆیەوە کە لێپرسینەوە و بەدواداچوون نییە بۆ موحتاج و هەژار لانیکەم ٦٠٪ ڕادەوەستێ. یان کابرای بازاری و مامەڵەچی زۆر بە ڕووهەڵماڵاوی بێ ئەوەی ئارەقەی بکا بە پێکەنینەوە دەڵێ: «جا خۆ نان دەراستییەدا نەماوە!» ئەوە ئەوپەڕی دارمانی ئەخلاقی کۆمەڵگایە لە سێبەری نەگبەتییەکانی کۆماری ئیسلامی.

# پێویستیی کاریگەریدانان لە سەر دنیای ڕۆژاوا



**زاگرۆس**

شۆڕشی بەتاڵانبراوی گەلانی نیشتەجێی جوغرافیای بەناو ئێران، ئەزمونێکی مەزنە بۆ شۆڕشگێڕان! ئەو کەسانەی باوڕیان وایە تەنیا ڕێگەی دەربازبوون لە ستەم و کۆلۆنالیزم و چەوسانەوە باهۆزی شۆڕشێکی مەزنە کە تەخت و بەختی ئاخوندەکانی جەماران و شوێنکەوتووانیان لە بناخەوە هەڵتەکێنێ و لاپەڕەیەکی زێڕین و بەختەوەرانە لە ژیانی ئەم خەڵکە مافخوراوە دەس پێ بکات.
ئەگەرچی لە پرۆسەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا هەزاران ڕۆڵەی گیانفیدای خەڵکویست و خۆنەویست لە ڕێگەی گەیشتن بە ئازادی، مافی نەتەوایەتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا گیانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد و لەم نێوەشدا نەتەوەی ئێمە لە سەردەمی دیکتاتۆری پاڵەویدا بەبەراورد بە ڕێژەی حەشیمەتەکەی بۆ گەیشتن بە مافەکانی زیادترین خوێن و فرمێسکی لەبەر ڕۆیشتووە. هەروەها ڕێکخراوە ئازادیخوازەکانی دیکەی سەرانسەری وڵاتیش لەم ڕێبازەدا سەدان کوژراو و هەزاران بەندی سیاسییان هاوتەریب لەگەڵ نەتەوەی ئێمە لە سیاچاڵەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆریدا هەبوو بەڵام چ هۆکارێک بووە هۆی ئەوەی ئاخوندەکان بتوانن ئەم شۆڕشە بەتاڵان بەرن و خەڵک و ژیانی ئێمە و گشت گەلانی دیکە بۆ دۆخێکی خراپتر پاڵ تێوە نێن؟
بۆ وڵام بەم پرسیارە لەم نووسراوە کورتەدا سێ هۆکار زیادتر بەرجەستە دەکەین.

یەکەم: خەباتی نەتەوەیی کورد و سەرجەم هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی ئەو سەردەمە، هەموو هێز و وزەی خۆیان تەرخانی خەباتی ناوخۆیی کردبوو و بایەخێکی ئەوتۆیان بە سیاسەتی زلهێزان لەهەمبەر دوارۆژی پاش سەرکەوتنی شۆڕش نەئەدا؛ لە حاڵێکدا خومەینی بە گوێزانەوەی ناوەندی خەباتی خۆی بۆ پاریس توانی کەڵک لەم بۆشاییە وەربگرێ.
دووهەم: ناتەبایی و ڕێک نەکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە و شۆڕشگێڕ لە سەر ئەو بابەتەی کە چیان دەوێ و لە سەر چ خاڵگەلێک پێکەوە تەبان. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئاخوندەکان لە نێو خۆیاندا لەسەر دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی بە ڕێککەوتنێکی ڕێژەیی گەیشتبوون.
سێهەم: نەبوونی میدیا و ڕاگەیاندنی ئەوتۆ کە دەنگی ڕاستەقینەی خەڵک و هێزە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکان بێت. لەم بوارەشدا بی‌بی‌سی لە ڕێڕەوی سیاسەتی بەدەسەڵات گەیاندنی مەلاکان، خومەینی وەک ڕێبەری شۆڕش بەسەر خەڵکی وەزاڵەهاتوودا سەپاند.
لە ئێستەدا، کە وەک لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاماژەی پێ کردووە، کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە قۆناغی لەناوچوون و ئەرکی ئێمەیە کە بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو هەوڵی ئەوە بدەین کە دیسانەوە شۆڕش وەک هەرەس نەیێت بەسەرماندا و شۆڕشمان لێ بەتاڵان نەبرێت.
وەک نەتەوەی کولۆنیکراوی زاگرۆس و ڕاسان بە وێنەی پێشەنگی هەنووکەیی خەبات دژ بە ڕێژیمی کولۆنیالیستی ئاخوندەکان جیاواز لەوەیکە لە ناوخۆ بە پانتایی زاگرۆس خەباتی شاخ و شار پەرە پێ بدات و بە ڕێکخستنی زیادتری خەڵک لە تەشکیلاتێکی بەهێزدا، قۆناغی ڕووخانی ڕێژیم کورتتر بکاتەوە سەرنجی زیادتر بە بیروڕای گشتی خەڵکی ڕۆژاوا و ناوەندەکانی بڕیاری جیهانیش پێویستە.
بەسەرنجدان بەو سێ خاڵەی لە سەرەوە باس کرا، هەنووکە کەمایەسی ڕاگەیاندنی ئازاد، وەک سەردەمی دەیەی حەفتای زایینی نەماوە بەڵام بە تێکچوونی دنیای دوو جەمسەری گرینگی ناوەندەکانی بڕیار لە ڕۆژاوا زیادتر هەست پێ دەکرێت و لە پێوەندی لەگەڵ داخوازی پۆلینبەندیکراوی هێز و ڕێکخراوەکانیشدا بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٥٧، هەنگاوی گەورە و هەوڵی مەزن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی -هەرچەند ناتەواو- لەسەر پلانی دوارۆژی پاش کۆماری ئیسلامی دراوە.
لە ڕووداوی هێرش بۆ سەر مەتەرێزی شاخدا دیتمان بە خاوەن بوونی هێز لەڕاستیدا زۆربەی هێزەکان تەنانەت ئەو لایەنانەش بە خۆیان دەڵێن سەرانسەری، لەژێر چەترێکی خەباتگێڕانەدا کۆ بوونەوە بەڵام هاوکات پێویستیی گرینگیدان بە خەبات لە ڕۆژاوا بەزەقی زیادتر خۆی نواند.
ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ڕێئالیستییەوە بڕوانینە سیاسەتی زلهێزان، بێگومان بەو ئاکامە واقعبینانە دەگەین کە مادام هێزت نەبێت هیچ ناوەندێکی بڕیاردەریش گوێت لێ ناگرێت بەڵام گرینگە هێز جگە لە ناوخۆی وڵات، لە ناوەندەکانی ڕۆژاواش خۆی بنوێنێت. بۆ نموونە ئەوە حدکایە کە لە ڕەوتی دادگای میکۆنۆسدا مەزنترین شکستی سیاسەتی دەرەکی بەسەر کۆماری ئیسلامیدا دەسەپێنێ و لە میدیا جەهانییەکاندا خۆی و کەیسە بەرحەقەکەی دەکاتە ڕۆژەڤی سەرەکی بەڵام ئەگەر وەک ڕەخنەش لە خۆمان ناوزەدی بکەین، خەباتی سیاسیمان لە دنیای ڕۆژاوا وەک پێویست پاش دادگای میکۆنۆس نەیتوانیوە سەرنج و فۆکووسی ناوەندگەلی ئاماژەپێکراو بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و تا ڕادەیەکیش لە دوو کەیسی گرینگی دادگایی کردنی حەمید نوریی گەورەجەلاد و ڕێکخستن و تۆمارکردنی سکاڵا بۆ دادگایی کردنی رئیسی وەک قازی مەرگ لە ئەگەری چوونی بۆ سکاتلەند ئێمە کاریگەرییەکی ئەوتۆمان نەبووە لەکاتێکدا دەبوایە و دەمانتوانی ڕۆڵ و دەورێکی کاریگەرتر ببینین.
لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین وەک کەتوارێک حاشای لێ ناکرێت یەکەم هەنگاوی خەباتمان بۆ ڕزگاری لە کۆلۆنیالیزم، بەهێزبوونمانە لە شاخ و لە شار بە پانتایی گشت زاگرۆس بەڵام ئامادەبوونمان لە ناوەندەکانی بڕیاردەر لە ڕۆژاوا و ڕێکخستنی کۆبوونەوەی بەردەوام بە حەشیمەتێکی زۆرەوە و کەڵکوەرگرتن لەو ئازادییەی لە ڕۆژاوا هەیە بۆ پشتیوانی لە گیراوانی سیاسی و گەیاندنی دەنگی خەڵکی ناوخۆ بە سیاسەتڤانان و میدیا جهانییەکان دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگ لە پشتیوانی بۆ سەرکەوتنمان بەسەر دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا بگێڕێت و لە دوارۆژی سەرکەوتندا لانیکەم پشتیوانی پێویستی ڕۆژاوا مسۆگەر بکات.

**ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ڕێئالیستییەوە بڕوانینە سیاسەتی زلهێزان، بێگومان بەو ئاکامە واقعبینانە دەگەین کە مادام هێزت نەبێت هیچ ناوەندێکی بڕیاردەریش گوێت لێ ناگرێت بەڵام گرینگە هێز جگە لە ناوخۆی وڵات، لە ناوەندەکانی ڕۆژاواش خۆی بنوێنێت**

**ئامادەبوونمان لە ناوەندەکانی بڕیاردەر لە ڕۆژاوا و ڕێکخستنی کۆبوونەوەی بەردەوام بە حەشیمەتێکی زۆرەوە و کەڵکوەرگرتن لەو ئازادییەی لە ڕۆژاوا هەیە بۆ پشتیوانی لە گیراوانی سیاسی و گەیاندنی دەنگی خەڵکی ناوخۆ بە سیاسەتڤانان و میدیا جهانییەکان دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگ لە پشتیوانی بۆ سەرکەوتنمان بەسەر دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا بگێڕێت و لە دوارۆژی سەرکەوتندا لانیکەم پشتیوانی پێویستی ڕۆژاوا مسۆگەر بکات**

**وێستگە**

## ژنان زۆرتر دەچەوسێنەوە



**نووسین: هێمۆ**

لە ساڵی ١٣٧٢ی هەتاویدا، کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا بە دامەزراندنی ستادێکی تایبەت لە ژێر ناوی «امر به معروف و نهی از منکر» و وەکوو فەرزێکی دینی، بە شێوەی بەرنامەبۆداڕێژراو بۆ پەرەپێدانی ئیدئۆلۆژییەکەی خۆی چالاکی بکات.
لەڕاستیدا لە چوارچێوەی ئەم ستادەدا کەسانێک وەکوو فەرماندەران بە چاکە و ڕێگریکار لە خراپە دیاری دەکرێن، بەپێی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، چاکە و خراپە ئەو شتانەن کە لەلایەن خودی ڕێژیمەوە پێناسەیان بۆ کراوە کە بەدڵنیاییەوە هەمووشیان دەچنە چوارچێوەی تەعلیماتی ئیسلامیی ویلایەتی فەقیهییەوە، کەوایە ئەمە ستانداردێکی گشتی نییە کە هەموو ئەو شتانەی کە لەم چوارچێوەیەدا بە چاکە و خراپە پێناسە دەکرێن لە دنیای واقعیشدا هەر بەم شێوازە بن.
لەڕاستیدا دامەزراندنی ئەم ستادە، گەرەنتییەک بۆ پاراستنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە کە لە هەموو شێوازێکیش بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم ئامانجە کەڵک وەردەگرێت.
ئەم بیرە کە وەکوو فەرزێکی دینی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە پێناسەی بۆ دەکرێت، بەبەردەوامی و لە سەکۆگەلی جیاوازەوە پڕوپاگەندەشی بۆ کراوە، هەر ئاخوندێکی ڕێژیم کە دەگاتە سەر هەر مینبەرێک، ئەم بابەتە باس دەکات و هەرکامەیان بەجۆرێک لە هەوڵی پەرەپێدانیدان.
بەڵام ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا گرینگیی پێ دەدرێت، هێنانەئارای بوارێکی خوێندن لەژێر ئەم ناوە بۆ قۆناغەکانی کارناسی باڵا و دوکتورا لە ئێرانە.
کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە هێنانی ئەم بوارە و پەروەردەکردنی کەسانی تایبەت بەم بوارە هەنگاوەکانی خۆی لەم پێناوەدا جیدیتر بکاتەوە. ئەگەر پێشتر لە کۆمەڵگادا تەنیا ڕێژەیەکی کەم ئەویش ئەوانەی کە سەر بە دەسەڵات و گوێڕایەڵی بیرۆکەی کۆماری ئیسلامی بوون پێشیان بە خەڵک دەگرت و ئازادیی خەڵکیان زەوت دەکرد، ئەوە ئێستا پاساوی زانستیشی بۆ دەهێننەوە و بە سەدان کەس لەم جۆرە ناوەندانەدا و بەو شێوازەی کە بۆ ئێستای کۆمەڵگای بەپێویست دەزانن پەروەردە دەکەن و لە جاران زیادتر، کۆمەڵگا دەخەنە ژێر گوشارەوە.
ئەوەی کە لەم نێوانەدا گرینگە، دۆخی ژنانە. بەدڵنیاییەوە پەرەسەندنی ئەم کردارە و پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی تاکەکان لە چوارچێوەی ئەم بوارە لە خوێندن و ئەویش لە قۆناغە باڵاکانی زانکۆدا، دەتوانێ زیادتر لە جاران خەسار بە دۆخی ژنان بگەیێنێ.
ژنان ئێستاش لە کۆمەڵگای ئێراندا لە ژێر دەسەڵاتی ئاخوندیدا دەناڵێنن، حیجابی زۆرەملێ تەنگی پێ هەڵچنیون، ئازادییە تاکەکەسییەکانیان زەوت کراون و بە هیچ شێوەیەک وەکوو مرۆڤگەلێکی سەردەمیانە ناتوانن بە دڵخوازی خۆیان ژیانیان بەرەوپێش ببەن. ژنان بە بێ ئەوەی کە خۆیان بیانهەوێ و بە بێ ئەوەی کە خواستی خۆیان بێ، کەتوونەتە ژێر سێبەری ژیانێکی ئیسلامیی زۆرەملێوە و زۆر بێڕەحمانە دەچەوسێنەوە، یاساکان پشتیان ناگرن و مافە ئینسانییەکانیان پێشێل دەکرێن، ڕۆژانە بە بیانووی پاراستنی شەرەف دەیانکوژن و زۆرجار تەرمەکانیشیان دەسووتێنن و کۆماری ئیسلامیش لە دوورەوە چاویان لێ دەکات.
ئەمانە هەموو ئاکامی ئەو بیرە تۆندئاژۆیانەیە کە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بۆ ژنان بە ڕەوای زانیوە، ساڵ لە دوای ساڵ، کۆماری ئیسلامی لەم بوارەدا چەقبەستووتر بووەتەوە، فەرماندەران بە چاکە و ڕێگریکاران لە خراپە ئیزن بە خۆیان دەدەن کە لە شەقام و کۆڵانەکاندا ئازاری ژنان بدەن و پاساوی ئەوە بهێننەوە کە ئیسلامتان خستووەتە مەترسییەوە.
هەموو ئەمانەش لەحاڵێکدان کە خودی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، بە دوور لە چاوی خەڵک و لە وڵاتانی دیکەدا، ژیانێکی ڕۆژاوایی و بەدوور لە چەشنە ئیسلامیبوونێک بە سەر دەبەن و نە دەزانن حیجاب چییە و نە فەرزی دینیش دەناسن!
بەڵام بە پەروەردەیەکی ئیدئۆلۆژیک کەسانێکیان بارهێناون تاکوو بە دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ، بەتایبەت لەنێو توێژی ژناندا، کۆمەڵگا تووشی ترس و دڵەڕاوکێی زیادتر بکەن، تاکوو بە سەرگەرمکردنی ژنان بە بابەتگەلی وەکوو حیجاب و دوورکەوتنەوە لە چاوی نامەحرەم، لە بیرکردنەوە لە گرینگترین پرسەکانی کۆمەڵگا وەک بێکاری، هەژاری، لەشفرۆشی، قەتڵی نامووسی، نەخوێندەواری و بە سەدان کێشەی دیکە دووریان بخەنەوە.
لە کۆتاییدا ژنان دەبنە کابانی ماڵ و ئەوەی کە بیری لێ ناکەنەوە ئازادبوون لە چوارچێوەیەکە کە کۆماری ئیسلامی بۆی پێناسە کردوون و کۆمەڵگا بەرەو نەهامەتییەک دەچێت کە لە ٤٣ ساڵی ڕابردووشدا ئەزموونی نەکردووە.
لەڕاستیدا هەر ئێستاش ژنان لە چنگی «خاهەرانی زەینەب» و گەشتی ئیرشاد و کۆمیتە ئینزباتی و حەراسەتییەکانی زانکۆکاندا، ئۆقرەیان لێ براوە و بەدڵنیاییەوە هێنانە مەیدانی ئەم بوارەش بۆ خوێندن دۆخەکە خراپتر دەکات، مەگەر ئەوەیکە هەمووماں پێکەوە هەنگاوێکی باش و جیددی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیادتر و کاریگەرتر لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بیرە چەقبەستووەکەی هەڵبگرین.

# ئەم گەلە قەت نانەوێ



ئاسۆ مێنبەری

سالانێکی زۆرە کە ئێمە وەک نەتەوەی بەشخوراوی کورد، دەچەوسێینەوە، ئازار دەچێژین و ژیانمان بە تاڵی و زۆر جار بە دووری لە ئازیزانمان تێدەپەڕێت، تاڵی و سوێری ژیانمان زۆر چێشتووە بەڵام هیچکام لە لەمپەڕەکانی سەر ڕێگا نەیانتوانیوە، چۆکمان پێ دابدەن.

مێژووی ئێمەی کورد پڕە لە هەوراز و نشێو، پڕە لە نموونەی ڕاستەقینەی نیشتمانپەروەری و خۆڕاگری، بۆیە لە نێو هەموو میللەتانی جیهاندا دەتوانین بڵێین دەگمەن نەتەوەیەکین کە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان هێشتا هەر بەپێوەین.

مەگەر جگە لەوەیە کە بە هەزاران ڕۆڵەی تێکۆشەری ئەم خاکە لە پێناو بونیاتنانەوەی نیشتمانێکی ئازاددا گیانیان بەختی بارەگای ئازادی کردووە؟ مەگەر کەم دایکی جەرگسووتاومان هەیە کە لە پێش چاوی دوژمن بە خوێنی ڕۆڵە شەهیدەکەی سەرگۆنای خۆی سوور کردووە تاکوو دوژمن بە ڕەنگزەردبوونی شاگەشگە نەبێ؟ مەگەر کەم ژنمان هەن کە پاش سالانێکی زۆر و بە بێ ئەوەی کە بەقەولی مەلەکشای نەمر، خاکێکی مەیلبڕ تەرمی لە خوێنگەوزاوی هاوسەرەکەیانی لە ئامێز گرتبێ، ژیان و لاوەتیی خۆیان بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان دانا؟ مەگەر کەم باوکی دڵ پڕ لە ناسۆرمان هەیە کە ئێستاش بێسەروشوێنبوونی منداڵەکەی ئازاری دڵ و دەروونی دەدات بەڵام هەر چۆکی دانەداوە و دوژمنی بە خۆی شاد نەکردووە؟

بەڵام هەموو ئەمانە لە پێناو چیدا و بۆ گەیشتن بە کام ئامانج؟

ئەگەر پێشتر لەم نیشتمانەدا پێشمەرگایەتی وەکوو تەنیا پێوەر بۆ نیشتماندۆستی دەناسرا، ئێستا هەر کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەچێتە چوارچێوەی یاسای نیشتمانپارێزییەوە و هەرکەس بە چەشنێک هەوڵی بۆ دەدات و هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێ.

ئەگەر شەریف باجوەر، ئومید کۆنەپۆشی، یاسین کەریمی و بیلال ئەمینی لە ئاگری دارستانەکاندا گیانیان بەخت کرد، ئەگەر موختار خەندانی لە ئاخرین وتەیدا وتی با منداڵەکانم شانازیم پێوە بکەن، ئەگەر ئەبووبەکر مەعرووفی لە ڕێگای گەیاندنی یارمەتی بە بوومەلەرزەلێدراوانی سەرپێڵدا چووە کاروانی نەمرانەوە، ئەگەر دوایین یادگارییەکانی شەهید «خالید عەبدوڵڵاهی» وەک سەر گیرفانەی جلە پێشمەرگانەکانی و تارای سوور و چەند تاڵێک لە قژەکانی لە سەر وەسیەتی دایکی لەگەڵ تەرمەکەی دایکی دەنێژرێن، ئەگەر دایکی شەهیدان مەولوود و سەعید ڕۆستەمی وەسیەت دەکات کە جل و جامانەی کوڕە شەهیدەکانی لەگەڵی بنێژرێن، ئەگەرعوسمان مستەفاپوور و والی دروودی باشترین ساڵەکانی تەمەنی خۆیان لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا تێپەڕاند، ئەگەر هیدایەت عەبدوڵڵاپوور وتی: «نرخی ئازادی بە گیانم دەدەم تاکوو یادم لە دڵی ئازادیخوازان و نەتەوەکەمدا بمێنێتەوە»، بەدڵنیاییەوە ئامانجی هەموویان بەپێوەڕاگرتنی خەبات و پیرۆزترکردنی ڕێگا و ئامانجی گەلەکەمان بووە.

ئەم نموونانە هەموویان بە تێکڕا، ڕەمزی مانەوەی ئێمەن، ئەمانە هەموویان نیشانەیەکی ئێجگار بەرچاو لەو کەتوارەن کە ئەم گەلە قەت نانەوێ و هەن تێکۆشەرانێک کە ئەم شۆڕشە نەوە لە دوای نەوە بەپێوە ڕابگرن.

کوردستانی زاملێدراوی ئێمە پڕە لە نموونەگەلی شۆڕشگێڕانەی لەم چەشنە، نموونەگەلێکی بەرچاو و هەستپێکراو کە تێڕامان و بیرکردنەوە لێیان، زیادتر گەورەیی ئەو کەسانە و گرینگیی هەستی نیشتمانپەروەریمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەم نموونانە و بە سەدان نموونەی دیاری دیکە هەموویان نیشاندەری ئەمەگناسیی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە بە شەهیدان و بە ئاو و خاکی کوردستانن. نموونەگەلێکی لێوڕێژ لە وەفا و خۆڕاگری، نموونەگەلێک بۆ پێناسەی ژیانی سەربەرزانە و شۆڕشگێڕانە؛ ئەمە ڕێکاوڕێک ئەو خاڵە گرینگەیە کە دەسەڵاتی خوێنمژی ئیسلامیی ئێران بە درێژایی زیادتر لە چوار دەیە نەیتوانی نە لێی تێ بگات و نە لە دڵ و مێشکی خەڵکدا بیسڕێتەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە بڕاوەی ئەم مەیدانە لێوڕێژ لە نادادپەروەرییە هەر خەڵکن و دۆڕاویش هەر کۆماری ئیسلامییە و وەک شێرکۆ بێکەسی مەزن دەڵێ: «ئەوەی هەرگیز پێتان ناکرێ، سڕینەوەی ئازادییە لە ڕۆحمانا».

# ڕووناکبیریی ئێرانی و دیکتاتۆرەکان

بێستوون

ئاوڕێک لە مێژووی سەد ساڵەی ئێران بدەینەوە دەتوانین سێ قۆناغی تایبەت دەستنیشان بکەین کە ڕووناکبیرانی ئێرانی تووشی هەڵەی قورس هاتوون و هیچ کە خۆیان دۆڕاون بوونە هۆی خەساری گەورە بە نەتەوەکانی دیکە لە ئێرانیشدا. لە سەرەتاوە ئەگەر شۆڕشی مەشرووتە بخەینە بەر شرۆڤە دەبینین کە ڕووناکبیرانی ناوەندگەرای فارس پشتیان لە ئامانجەکانی مەشرووتە کرد و بە ڕێکخستنی بارودۆخێکی تایبەت هەلێکیان ڕەخساند بۆ ڕەزاخان تا دەسەڵاتی نیزامی و سیاسی بەدەست بگرێت. ئەو پشتیوانیکردنە یەکەم هەڵەی مێژوویی ڕووناکبیرانی فارسە، کەسانی وەک، عەلیئەکبەر داوەر، حوسێن تەیمورتاش، محەممەد تەدەیون، سولەیمان ئەسکەندەری، زیا تەباتەبایی و محەممەدعەلی فروغی و ... بەو پشتیوانییە، بناغەکانی پێکەوەحاوانەوە و فرەڕەنگی نەتەوەیی لە ئێرانیان تووشی دارمانێکی مێژوویی کرد. ئەو پشتیوانی کردنە دەستکەوتە سیاسییەکانی مەشرووتەی خستە پەراوێزەوە و بوو بە هۆی ڕێکخستنی دەسەڵاتی یاخی لەلایەن ڕەزاشاوە کە سەرەکیترین قوربانییەکانی ئەو دەسەڵاتە یاخییە خودی ڕووناکبیرانی فارس بوون و زۆرێک لەو ڕوناکبیرانەی بوونە هۆی هاتنە سەرکاری ڕەزاخان دواتر یان ئێعدام کران یان هەڵاتن یان لە زینداندا گیانیان لە دەست دا. هەڵەی دووهەمی مێژوویی ڕووناکبیرانی فارس و ناوەندگەرا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٣٠ تا ٣٢ی هەتاوی؛ ئەو چەند ساڵەی کە محەممەد موسەدیق پێویستی بە پشتیوانییەکی هەمەلایەنە هەبوو تا بتوانێت لە بەرامبەر هێزی نایاسایی حەمەڕەزا پاڵەوی بەرگری لە دەسەڵاتی یاسایی خۆی بکات، لەو سەردەمەدا و لە پانتایی سیاسی ئێران و لە حەڤدەیەمین خولی پارلەمان چەندین جەریانگەلی وەک: حیزبی زەحمەتکێشان، حیزبی ئێران، حیزبی میللی و نیروی سێهەم و موجاهیدەکانی ئیسلام، حزوریان هەبوو کە لە کاتی کودتای ئەرتەش بەسەر دەوڵەتی موسەدیقدا بێدەنگیان نواند.

لەو نێوەدا ڕۆڵی حیزبی تودە و ڕوناکبیرانی چەپ بەرچاوترە چوونکە تودە هەم هێزێکی جەوماوەری هەبوو کە دەیتوانی بیانکێشێتە سەر شەقامەکان و هەم لە نێو ئەرتەشدا هێزێکی نهێنی هەبوو کە دەیتوانی پێش بە کودتا بگرێ، بەڵام چوون حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕەوی ڕازی نەبوو، حیزبی تودە بێدەنگی نواند. ئەو هەڵەیەی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە بوو بە هۆکاری لەنێوچوونی ئەو دێموکراسییە کزەی کە دوای لاچوونی ڕەزاشا پێکهاتبوو و دیسان پاڵەوییەکان توانیان بناغەکانی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی سەرەڕۆی خۆیان پتەو بکەن.

سێهەم قۆناغی هەڵەی مێژوویی و دۆڕانی ڕووناکبیرانی ناوەند دەگەڕێتەوە بۆ دوای شۆڕشی ٥٧. ڕووناکبیرانی فارس دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، پشتیوانی خۆیان بۆ خومەینی دەربڕی و هەوڵیان دا کە ئەو ئاخوندە کۆنەپەرستە دەسەڵات بگرێتە دەست و لەو ڕێیەدا کەند و کۆسپەکانیان بۆ خومەینی وەلا نا و بوونە هۆی پتەوبوونی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لە شۆڕشی ٥٧دا سەرەتا بەرەی میللی (جبهه ملی) هاتنە پشت خومەینی، دواتر چریکەکان و موجاهیدینی خەلق و حیزبی تودە و بهتایبەت ڕێبەری سەرەکیان کیانووری پشتیوانی خۆیان بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەرایەتی ئاخوندێکی کۆنەپەرستی دانیشتووی قوم دەربڕی، لەو نێوەدا چالاکانێکی سیاسی و تێکنۆکراتی وەک بەنیسەدر، بازەرگان، سەنجابی، قووتبزادە، ڕەجەوی، فروهەر بۆ پتەوبوونی دەسەڵاتی خومەینی و هەروەها ویلایەتی فەقیە زۆر چالاکانە لە مەیداندا بوون، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو ڕووناکبیرە مەزهەبی و چەپانە بوونە قوربانی سیاسەتی مەلاکانی قووم و یان دەسبەسەر کران، یان لەدار دران و یان وەک بەنیسەدر ڕوویان کردە تاراوگەوە. ئەو هەڵە مێژووییەی کە بەنیسەدر و ڕووناکبیرانی هوچاخی کردیان، بوو بە هۆی خەسار و تاوانی گەورە بە دژی نەتەوەکانی ئێران کە ئێستا دوای تێپەڕبوونی چل ساڵیش خەڵکانی ئێران نەیانتوانیوە خۆیان لە دەرئەنجامی بڕیاری هەڵەی ڕووناکبیرانی ناوەند ڕزگار بکەن.



# چۆنییەتی ژیان لە ئێستای ئێران و کوردستاندا

**جاقل**




هەر نەتەوە و هەر جوغرافیایەک جیاوازیگەلێکی لەگەڵ شوێن و نەتەوەکانی دیکە هەیە کە هەندێ تایبەتمەندی بە ئەو پێکهاتانە دەبەخشێ. لەو ڕووەوە کە ئەو نەتەوانە خاوەنی ئازادی بۆ چۆنیەتی ژیان نین ئەم تایبەتمەندییانە دەتوانن ببنە هۆکار بۆ تێپەڕکردنی دژوار یان ئاسانی ژیان. لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا دەسەڵاتی زاڵ و خۆسەپێنی ناوەند کە بەردەوام لە هەوڵدایە ڕێژەی هێژمۆنی ئابووری و سیاسی و کەلتووری خۆی لە هەموو سوچ و قوژبنێکی جوغرافیای ئێراندا بەرفراوانتر بکات بە هەموو توانایەوە هەوڵی یەکدەست کردنێک دەدات کە لە قازانجی دەسەڵاتە نارەواکەیدا بێت. ئەو دەسەڵاتە تۆتالیتێرە بەرنامەکانی بە قازانجی ناوەند دادەڕێژێ و لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە ئەوە پەراوێزەکانن کە دەبێ باجی بەهێزبوونی ناوەند بدەن؛ بە واتایەکی دیکە ئەوە ئاو و کانگا و کەلتوور و باشترین دەسکەوت و داهاتەکانی کوردستان و بەرهەمی ژینگەی نەتەوە بندەستەکانی دیکەیە کە تاران بە شێوەی سیستماتیک دەستی بەسەردا دەگرێ و بۆ بەهێزکردنی خۆی کەڵکاوەژووی لێوەردەگرێ. لە پاش فاکتەری نەتەوەیی، هەڵکەوتەی جوغرافیایی و حەشیمەتیی خەڵک و تەنانەت ئاووهەوای ئەو ناوچە شوێندانەرییان لەسەر ژیانی خەڵکێکی تایبەت لە جوغرافیایەکی دیاریکراودا هەیە. بەپێچەوانەی ئیدیعاکانی بەرپرسانی ڕێژیم چۆنیەتی ژیان لە جوغرافیای ئێران وەک یەک نییە و هەروەک پێشتر باسی لێوەکرا فاکتەرگەلی نەتەوە و دین و جوغرافیا و کەلتوور هەر کامەیان بە نۆرەی خۆیان هەندێ جیاوازی ژیان بۆ خەڵکێک لە ناوچەیەکی دیاریکراو دروست دەکەن.

ئەوەی لە ئێستادا کە لە هەمووی ئەمانە زیادتر دەتوانێ شوێندانەری چاک یان خراپی لە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک هەبێت ئەو پلان و کارانەیە کە حکومەتی تاران بە سەر ئەو نەتەوانەدا دەیسەپێنێ؛ بۆوێنە خەڵکی پارێزگاکانی باشوری ئێران بەهۆی نیزیکی بە ئاوەکانی کەنداو و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەو ناوچانەدا لەباری ماڵییەوە تا ڕادەیەک بەتواناترن لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بەڵام لەباری خزمەتگوزارییە حکومەتییەکانەوە هاوشێوەی زۆربەی خەڵکانی ئێرانن و لە گەرمای تاقەتپڕوکێنی ئەو ناوچانەدا ژیان پڕ زەحمەت و دژوارە. ئەگەر هەر ئەم ناوچە یان پارێزگایانە لەگەڵ خەڵکی ئەوبەر ئاوەکانی کەنداوەوە بەراورد بکرێ دەبینین کە خەڵکی شارەکانی باشوری ئێران لەباری داهات و گوزەران و ئازادییەوە چەندە لە دواوەترن و توانای خەڵکی ئەم ناوچانە چەندە کەمترە هەتا خەڵکی وڵاتانی کەنداو. زۆربەی کارخانەکانی ماشێن سازی و پۆڵا و بە گشتی ناوەندە گەورەکانی بەرهەمهێنان لە شارەکانی سەر بە نەتەوەی باڵادەست دامەزرابوون کە ئەوانیش بەهۆی گەندەڵی و بێکیفایەتی کاربەدەستانی حکومەتی بە نیسبەت ئەو سەرمایەگوزارییە بێسنورانە کەمترین قازانجیان بۆ خەڵکی ئاسایی ئەو ناوچانەیە. بەم حاڵەش هێشتا بارودۆخی کار و داهات لەو شارانە لە پارێزگاکانی نەتەوە جیاوازەکان باشترە. بێگومان ڕێژیمی ئاخوندی یەکەم هۆکار و بەرپرسیاری سەرەکی ئەم دواکەوتوویییە. قەیرانی ئاو یەکێک لە گەورەترین قەیرانەکانە کە خەڵکی ناوچەکانی باشور و باشوری ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و ناوەندی ئێران بە دەستیەوە دەناڵێنن. ئاژەڵداری و باخداری و جوتیاری لەم ناوچانە توشی شکستی جیددی بووە هەر بۆیەش زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچانە بۆ داهاتی ژیان ڕوویان کردوەتە ئاڵوگۆڕی بازرگانی. سنوری پارێزگاکانی کوردستان لەگەڵ وڵاتی عێراق کە دەبوو ببێتە سەرچاوەیەک بۆ داهاتی خەڵکی ئەم ناوچەیە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بەپێی پلانی حکومەت بووە بە قەتڵگای خەڵکی هەژار و دەسکورتی کوردستان. ڕێژەی بێکاری و کەمداهاتی لە کوردستان لە ئاستی مەترسیدار تێپەڕیوە و چەندین ساڵە بەشێک لە خەڵکی کوردستان بۆ ژیانێکی باشتر ڕێگای هەندەران دەگرنە بەر. گرانی لەڕادەبەدەر بووەتە هۆکار هەتا بەشێک لە خەڵک، کرێکاری لە باشوری کوردستان وەک دەرفەتێک بۆ ژیان سەیر بکەن و بەردەوام ڕێژەی کرێکاری ڕۆژهەڵاتی لە باشوری کوردستان ڕووی لە زیادبوونە. بە هۆکارگەلێکی جیاواز نرخی مڵک و ماڵ لە کوردستاندا بەردەوام گرانتر دەبێ هەر ئەمەش وایکردووە کە خەڵکێکی زیادتر تووشی ناهومێدی ببن و لە ڕووی ناچارییەوە ژیان و زاوزێ لە کوردستان کەم ببێتەوە. هاوردەکردنی خەڵکانی غەیری کورد بۆ کوردستان، مافیاکانی «زەمینخاری» کە هاودەستن لەگەڵ شارەداری و شۆرای شارەکان و دابەزینی بەهای تمەنی ئێرانی و بێ مودیرییەتی و گەندەڵی کاربەدەستانی مەسکەن و شارسازی هۆکارە دیارەکانی گرانبوونی مڵک و ماڵن لە کوردستاندا. خزمەتگوزاری شاری لە ئاستێکی نزمدایە و بە دەگمەن دەبیندرێ کە ڕێگا و شەقامێکی نوێ دروست بکرێ. چاکسازی لە بینا و ساختمانەکانی پزیشکی و پەروەردە و فێرکردندا بەدی ناکرێ. دەزگا و ئامێری نەخۆشخانەکان و تاقیگە پزیشکییەکان کۆنن و خەڵک بۆ چارەسەری نەخۆشینەکانیان ڕوو لە شارە گەورەکانی ئێران دەکەن.

کوردستان کە لە باری جوغرافیاوە بۆ ژیان بە یەکێک لە پڕپیت و بەرەکەتترین ناوچەکان دێتە ئەژمار بەڵام بەهۆی ئەو کەتوارانەوە کە باسی لێوەکرا بووە بە ناوچەیەک کە لە ئێستادا ژیانی خەڵکەکەی زۆر لە ناخۆشیدایە. خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەوەیکە وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جوغرافیای ئێران لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ناوەند زەرەرمەند دەبن، بەهۆی ئەوەش کە کوردستان سەنگەری ئازادیخوازی و دەنگهەڵبڕین بەدژی زاڵمانی زێدەخوازی ناوەندە زیادتر لە هەموو شوێنێکی دیکە لەلایەن ڕێژیمەوە گەمارۆی خراوەتە سەر. لەو ڕووەوە کە باسکردن لە نرخی گرانی کاڵاکان یان ئامارەکانی ماڵوێرانی و نەخۆشی و بێخانویی و بەدخۆراکی و هتد ئەوەندە خێرا هەڵدەکشێن کە چیدی ئومێدێک بۆ دابەزاندنیان لەم حکومەتەدا بەدی ناکرێ زۆر گونجاوە کە بڵێین خەڵکی شار و دێهاتەکانی کوردستان بۆ ژیانێکی باشتر و لابردنی هەر چەشنە ستەم و هەڵاواردنێک دەبێ زیادتر تێکەڵ بە خەباتی شاخ و شار ببن و بۆ ڕوخانی ئەو ڕێژیمە کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانە بە شێوەی نهێنی و ئاشکرا و لە سەنگەرەکانی شەڕی نەرم و زبردا بە دژی ڕێژیمی ئاخوندی بێنە مەیدانەوە .

# لە پەراوێزی دوو هەوڵی چەواشەکارانەی ڕەییسی لە کوردستان

**دالانپەڕ**





لەگەڵ سەرهەڵدانی چەمکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، بە پێشەنگایەتی ڕوناکبیرانی فارس، دەبینین کە ناوەندی ئێران واتە تاران، بە ڕوانگەیەکی نابەرامبەرانە دەڕوانێتە نەتەوەکانی تری ئێرانی و ئەو جۆرە ڕوانینە بە تێپەربوونی کات بووەتە نەریتێک و باوەڕێک لای ناوەندگەراکان و فارسەکان، و لەڕاستیدا پێیان وایە کە ئەوان لە نەتەوەکانی تر جیاوازن و بە مافی خۆیان دەزانن کە بڕیار بۆ نەتەوەکانی تر بدەن و بەخێرایی خۆیان ئەگەر بە گونجاو و بە پێویست بزانن ئیمکانات بدەن بە نەتەوەکانی تر، ئەوە بە منەتەوە ئەو کردەوەیان بە چاوی نەتەوەکانی تر دادەدەنەوە و وا ڕەفتار دەکەن دەڵەی خێریان کردووە بەو نەتەوانە. ئەو ڕەفتارە شۆوێنیستییانەی تاران بەنیسبەت نەتەوەکانی تر، دوای ڕووخانی حکومەتی حەمەڕەزای پاڵەویش درێژەی هەبووە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، ناوەندگەراکان بەمجۆرە دەڕواننە نەتەوەکانی تر.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دوو هەواڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو بۆوە کە کەسانێک پێی دڵخۆش بوون و کەسانێکیش کردیانە دەستمایەی پڕوپاگاندا بۆ حکومەتی ڕەییسی. هەڵبژاردنی کوردێک وەک ڕاوێژکاری ڕەییسی یەکێک لەو هەواڵانە بوو. ئەوەی جێگای سەرنجە هەڵبژاردنی عەبدولسەلام کەریمی وەک ڕاوێژکاری ڕەییسی لە کاتێکدابوو کە چەند ڕۆژ دوای ئەو هەڵبژاردنە، ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام لە ڕوانگەی ئەهلی سوونەتەوە بوو، کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی باوەڕی بەو ڕۆژانە نییە و هەر بۆیەش لە ڕۆژژمێری ساڵانەدا ئەو ڕۆژە پشوو ڕاناگەیەنێ؛ سەرەڕای ئەوەیە کە ساڵانێکی زۆرە خەڵکی سوونە مەزهەبی ئێران داوا دەکەن کە ڕێز لە باوەڕی ئەوان بگیرێت و ئەو ڕۆژە بۆ سوونییەکان وەک پشوو ڕابگەیەنن. هەرچەند مۆرەیەکی خودی ڕێژیم کە ساڵانێکی زۆرە خزمەت بە سیاسەتەکانی ئەو دەسەڵاتە دەکات، گەر بۆ هەر کارێك دیاری بکرێ، نیشان لە گۆڕینی سیاسەت نییە بەڵکوو نیشان لە چەواشەکارییەکی دیکە و خۆڵ لە چاوکردنێکی دیکەیە.

باسکردنی ئەو بابەتە بۆ ئەوە بوو کە بڵێین، ڕێزگرتن لە مافی کەمینە ئایینییەکان بە ڕواڵەت ناکرێ بەڵکوو دەبێ بە کردەوە بێت. لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دوای تێپەڕبوونی چل ساڵ لە سەرکوت و کوشتن و زیندانی کردنی چالاکانی مەزهەبی سوونە دوای ئەوەیکە هێشتا سوونی مەزهەبەکان لە تاران مافی بەڕێوەبردنی نوێژی «هەینی»یان نییە، لەکاتێکدا کە کاناڵەکانی تلویزیونی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ بێڕێزی بە ئیمامی عومەر و حەزرەتی عایشێ دەکەن، لەکاتێکدا کە تەواو ناوچە سوونی مەزهەبەکان لە دۆخێکی خراپی ئابووری و لە نەبوونی ئیمکاناتدا دەژین، لەکاتێکدا کە ئاخوندێکی شیعە چەندین قات پتر لە مامۆستایەکی سوونی مەزهەب مەعاش و ئیمکانات وەردەگرێت، بوونە ڕاوێژکاری کەسێکی سوونی مەزهەب چ خزمەتێک دەکات بە شوێنکەوتووانی ئەو مەزهەبە؟ ئەوەی وەک ڕاستی دەچێت ئەوەیە کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی بەو کردەوانە دەیهەوێت خۆی لە ژێر باری ڕەخنە و گازندەی وڵاتانی دەرەوە ڕزگار بکات. شایانی باسە کە لە ساڵانی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی بە پشت بەستن بە جەریانی ئیخوانولموسلیمین، هەوڵی داوە گوتاری نەتەوەیی و پرسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات کەمڕەنگ بکاتەوە. حکومەت ئەو جەریانە ئیخوانییە وەک بەشێک لە کۆمەڵگای مەدەنی کورد ساپۆڕت دەکات و یارمەتی ماڵیان دەداتێ و هەوڵ دەدات ئەوانە وەک پێشەنگی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان بناسێنێت، بە واتەیەکی تر خەریکە ئادرەسێک بە حەزی خۆی ساز دەکات بۆ کۆمەڵگای مەدەنی کورد و بەو شێوە پرسی نەتەوەیی کەمڕەنگ دەکاتەوە. ئەو جەریانە خەریکە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بە ناوی بەرگری لە مافی کوردە سوونییەکان پیادە دەکەن، کەسانی وەک عەبدولسەلام کەریمیش دەچن لە خانەی ئەو جەریانە دارەدەستانە کە خەریکن بەپێی ویست و حەزی سپای پاسداران و کۆماری ئیسلامی هەنگاو دەنێنەوە.

هەواڵی دووهەم کە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەیە، دانانی بەناو کوردێکی کرماشانی وەک پارێزگاری ورمێیە. چالاکانی ڕیفۆرمخوار و ناوەندگەرای کورد ئەوە وەک دەستکەوتێک دەزانن کە کوردێک بووبێتە پارێزگای ورمێ کە ئەو بابەتە دەکرێ لە چەند سۆنگەوە شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ بکرێ.

**یەک:** دەکرێت بگووترێ کە کۆماری ئیسلامی دوای تێکهەڵچوونەکانی لەگەڵ وڵاتی ئازەربایجان بە دانانی پارێزگارێکی کورد لە ورمێ، بیهەوێت هۆشدارییەک بداتە ئازەرییەکانی نێو ئێران.

**دوو:** دانانی کەسێکی کورد وەک پارێزگاری پارێزگای ورمێ، خۆیلەخۆیدا هیچ جێی بایەخ نییە بۆ کورد، هەروەک پێشتر باس کرا، ئەو هەڵبژاردنە هیچ لە کێشەی کورد و لە زووڵموزۆر و لە سەرکوتی کوردان کەم ناکاتەوە.

**سێ:** ئەگەر ئەو پارێزگارە کوردە لە پارێزگای ورمێ بتوانێت لە خزمەت بە مافی کوردەکان هەنگاو بنێتەوە ئەو کات پێویستە ڕوانینێکی ترمان هەبێت بۆ ئەو باسە، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە پارێزگاری پێشووی ئەو پارێزگایە، تورک نەبوو بەڵام هەر لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا مافی کورد لەو پارێزگایە زیادتر پێشێل کراوە و پڕۆژەی بهتورککردنی شارێکی وەک مەهاباد دەستی پێکردووە، چون ئەوەی لەو پارێزگایە بڕیار دەدات پارێزگار نییە بەڵکوو سپای پاسدارانە و پارێزگاریش مۆرەیەکە لە خزمەت سیاسەتەکانی ڕێژیمدا.

**چوار:** کۆماری ئیسلامی ئەگەر بەتەمایە ئاوڕ لە مافی نەتەوەی کورد بداتەوە، پێویستە کێشەکان لە بنەڕەترا چارەسەر بکات. پێویستە کە دان بەوەدا بنێ کە کوردی وەکوو نەتەوەیەك چەوساندووەتەوە و هەوڵ بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی دەدا. کێشەی کورد کێشەی پۆستێك و بەرپرسێك نییە، بەڵکوو کێشەیەکی نەتەوەییە کە ئەم نەتەوە دەیهەوێ لە سەر خاکی خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە حکومەتی ڕەییسی بەو شێوە کردەوانە دەیهەوێت چەواشەکاری بکات، بەڵام خەڵکی کورد دەزانن کە کێشەی ئەوان بوون یان نەبوونی ئەو کەسانە وەک ڕاوێژکار و پارێزگار نییە، بەڵکوو پرسی کورد پرسێکی نەتەوەیی و پرسێکی زۆر گەورەتر لە بەرپرسایەتیی نێو دەزگایەکی سەرکوتکەرە .

# دیلان هەردی:
## وشیاریی سیاسی خەڵکی کوردستان بەنیسبەت بەشەکانی دیکەی ئێران زۆر لەسەرترە و بە ڕوونیش دیارە، بەڵام ئەوە بەس نییە، خەڵک پێویستی بە وشیاریی نەتەوەیی و هەست بە بەرپرسیارییەتیی نەتەوەییە

وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

بەرپرسی کۆمیتەی هەڵسەنگاندنی پسپۆڕانەی لافاو سەر بە کۆمیتەی میللی بەنداوەکانی ڕێژیمی ئێران باسی لەوە کردووە کە دیاردەی ڕۆچوونی زەوی کە بەهۆی بەکارهێنانی لەڕادەبەدەری ئاوە ژێرزەوییەکان ڕووی داوە دەبێتە هۆی کۆچکردنی زیاتر لە ٣٧ میلیۆن کەس بۆ باکوور و ڕۆژاوای ئێران. قسەکانی ئەم بەرپرسەی ڕێژیم زەنگی مەترسییەکە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان کە لەمێژە ئەم پرۆسەیە دەستی پێ کردووە. بابەتی گۆڕێنی دیمۆگرافییای کوردستانی ڕۆژهەڵات کە بە شێوازێکی نەرم لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بەڕێوە دەچێت، لەم ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا لەگەڵ بەڕێز «دیلان هەردی» نووسەر و چالاکیی سیاسیی تیشکی دەخرێتە سەر.

**-ئاڵوگۆڕی دیمۆگرافیی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان تا چ ڕادەیەک کاریگەر بووە لەسەر ئەم گۆڕانە دیمۆگرافییە؟**

ئاڵوگۆڕی دیمۆگرافیی بابەتێکی جیهانییە و بەهۆی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی بەجیهانیبوون و هاتوچۆی خەڵک بە مەبەستی کار، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خێراتر دەبێ، کە ئەویش دوو جۆری هەیە: کۆچکردنی نێوخۆیی و کۆچکردنی نێونەتەوەیی بەڵام لە کوردستان بابەتەکە ڕەهەندێکی دیکەی هەیە. لە وڵاتانی دیکە دەوڵەتەکان ڕێکخەری هاتوچۆ و نیشتەجێکردنی خەڵکن و ڕێگە نادەن ئاڵوگۆڕی دیمۆگرافی بە شێوەیەک ڕوو بدات کە ببێتە هۆی مەترسی بۆ سەر سنوور و خاک و نەتەوە و زمانەکەیان؛ لە کوردستانی داگیرکراودا، دەوڵەتێک یان دەسەڵاتێکی هەرێمی بوونی نییە کە بتوانێ ڕێگر بێ لە گۆڕانی دیمۆگرافی. لەلایەکی دیکەشەوە داگیرکەر بەئەنقەست هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافی کوردستان دەدات؛ بە تایبەت ئەو گۆڕینە بەئەنقەستە لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی ئێران لە سەردەمی پاڵەویدا ڕەوتێکی خێرا و چەندلایەنەی بەخۆیەوە گرتووە. دیارە هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان لەڕووی ژینگەیی و نزیکایەتی نەتەوەکانی دیکە لە کوردستان بە شێوەیەکە کە دەوڵەتی داگیرکەر لە هەندێک ناوچە هەوڵی داوە کەڵکی لێوەربگرێت؛ بۆ نموونە هاوسنووریی کورد و تورک و نزیکایەتی تورک لە دەسەڵات. یان هەبوونی ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان لەو دواییانەدا بووەتە هۆی ڕاکێشانی خەڵکی غەیرەکورد بۆ کوردستان، کە بەشێکی بە پیلانی دەوڵەتە.

**-زۆرێک لە ناوچە فارسنشینەکان وشک و بیاوانە و کەڵکی ژیانی نەماوە، ڕاگواستنی خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ کوردستان زیادتر بۆ مانەوەی نەتەوەی فارسە یان بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کوردە؟**

هەروەک چەند ڕۆژ لەمەوبەر بەرپرسێکی ئێران ئاشکرای کرد کە بەهۆی تێکچوونی ژینگەی هەندێک ناوچە، نزیکەی ٣٧ میلیۆن کەس ڕادەگوێزرێن بۆ ڕۆژاوا و باکووری ئێران. بەهۆی ئەوەیکە نەتەوەی فارس لە ئێران دەسەڵاتدارە و هەموو ئامرازەکانی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی لە دەستدایە، ئەو ئاڵوگۆڕە لە قازانجی فارس و لەڕاستای سڕینەوەی کورددایە. لە بەر ئەوەی هەموو شتێک پێشتر بۆ ئەو کەسانە ئامادەیە کە کۆچ دەکەن بۆ کوردستان: دەسەڵاتی سیاسی و پۆستە سیاسییەکان، بواری دارایی بۆ دەست بەسەرداگرتنی زەوی و مڵک وماڵی کورد، کار، زمانی فارسی و کولتووری فارسی کە پێشتر لە کوردستان کاری لەسەر کراوە. لە هەمووشی گرنگتر سیستمی پەروەردەی داگیرکەرە. ئەگەر لەبیرتان مابێ چەند ساڵ لەمەوبەر لە هەندێک لە شارە کوردییەکان بڕیارێک لەلایەن بەشی پەروەردەوە دەرکرابوو کە داوای لە قوتابخانەکان کردبوو دەبێ منداڵان لە نێو قوتابخانە لەگەڵ یەکتر بە زمانی فارسی قسە بکەن. بە گوتەی بەرپرسەکان، ئەو بڕیارە بۆ پشتگیریی لە منداڵە غەیرە کوردەکان دەرکرابوو. کەوابوو مەبەستەکە دوو لایەنی هەیە: لایەنێکی ڕزگارکردنی خەڵکی ناوچەکانی خۆیان و لایەنێکیشی تواندنەوەی خەڵکی کوردە لەنێو نەتەوەی فارسدا. هەڵبەت ئەوە پرۆسەیەکی نەرمە کە لەوانەیە چەندین دەیە بخایەنێ و بە شێوەیەک نییە کە خەڵکی کوردستان هەستی پێ بکەن و ڕووبەڕووی ببنەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە هەر حەوتوویەکدا یەک یان دوو بنەماڵە لە هەر شارێکی کوردستان نیشتەجێ بن، چ خۆیان هاتبن چ پیلانی حکوومەت بێ، بێ ئەوەی خەڵکی کوردستان هەستی پێ بکات لە چەند دەیەی داهاتوودا ئامارێکی مەترسیدار دەبێ. ئەو نموونەیەمان لە کۆچی جووەکانی ئورووپا بۆ فەلەستین هەیە.

**-تا چەندە کۆچی کورد بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی پێگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە؟ بە سەرنجدان بە ڕێژەی بەرچاوی بێکاری و پاوانی بەشی ئابووریی ئێران لەلایەن سپای پاسدارانەوە، ڕۆڵی ئابووری لە کوێی ئەو هاوکێشەیەدا دەبینن؟**

گۆڕینی دیمۆگرافی دوو ڕەهەندی هەیە: یەکەم ڕێژەی ئەو کەسانەی کە کۆچ دێنن (واتە دێنە کوردستان) و ماوەی مانەوەیان، دووهەم ڕێژەی ئەو کەسانەی کە کۆچ دەکەن و هۆکاری کۆچ کردنیان. ڕەهەندی یەکەممان تا ڕادەیەک باس کرد کە هەم لەڕووی ڕێژە و هەم لەڕووی ماوەی مانەوە، کۆچهێنان بۆ کوردستان مەترسیدارە. سەبارەت بە ڕەهەندەکەی دیکە، واتە کۆچکردنی خەڵکی کوردستان، پیلانی دەسەڵات ڕوونتر دیارە. خەڵکی کوردستان بە دوو هۆکار کۆچ دەکەن: خوێندن و ئابووری. هۆکاری خوێندن: لەبەر ئەوەی سیستمی سیاسیی ئێران سیستمێکی ناوەندگەرایە و گرنگترین زانکۆ و سەرچاوەکانی زانست وەک هەموو بوارەکانی دیکە لە ناوەند کۆبوونەتەوە و خوێندکاری کورد بۆ وەدەستهێنانی زانستی باشتر و پلەی باشتر ناچارە کۆچ بکات بۆ ناوەند. دوای تەواوکردنی خوێندنیش، ئەو بوارە و ئەو پلەیەی خوێندکار وەدەستی دێنێ، ناچاری دەکا بیخاتەوە خزمەتی ناوەند، چونکە لە بوارە گرنگەکاندا بە زەحمەت لە کوردستان دەتوانێ کار بدۆزێتەوە. زۆرێک لە کەسانی خاوەن پلەی زانستی ناچارن لە کوردستان لەبواری دیکەدا کار بکەن کە هیچ پەیوەندی بە خوێندنەکەیانەوە نییە. هۆکاری ئابووری: پێویستە لە پێشدا ئەو پرسیارە بکەین کە سەرەڕای ئەوەی کوردستان یەکێک لە باشترین ژینگەکانی ئاووهەوا و سەرچاوە سروشتییەکانی هەیە، چۆن بووە بە یەکێک لە هەژارترین ناوچەکانی نێو جوغرافیای ئێران؟ وڵامەکەی ئەوەیە کە لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، دەسەڵاتی ئێران بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بە پیلانی جۆراوجۆر هەوڵی هەژارکردنی کوردستانی داوە، لەبەر ئەوەی جەمسەری ئابووری ڕۆڵی سەرەکیی لە ڕاگرتنی دەسەڵاتدا دەگێڕێ. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەیکە ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان بە ناچار بۆ دەرەوەی کوردستان کۆچ بکەن، چ بۆ پارێزگاکانی دیکەی ئێران، چ بۆ باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات. بەشێک لەو خەڵکەی کە لە کوردستانەوە کۆچ دەکەن، بۆ زیندوومانەوە و بژێوی ژیانی ڕۆژانەیە. بۆ نموونە کرێکاریی لە پارێزگاکانی ناوەند. بەشەکەی دیکە لەو کەسانەی کە کۆچ دەکەن، بە مەبەستی وەبەرهێنانە لە ناوەند. لە هەر دوو حاڵەتدا دەسەڵات ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕێ. یەکەم ئەوەی هێزی کاری ناوەند لە بواری وەبەرهێنان لە کورد دابین دەکات و دووهەم ئەوەیکە سەرمایە و سەرمایەدارەکان ڕاکێشی ناوەند دەکات تا نەتوانن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن. هەروەها، ئەو سەرمایەش کە لە کوردستان بەرهەم دێ، بە شێوەی جۆراوجۆر دەگوازرێتەوە بۆ ناوەند. ئەنجامەکەش ڕێژەی زۆری بێکار و کۆڵبەرە لە کوردستاندا.



**- تێکدانی ژینگەی کوردستان و لەنێوبردن و سووتاندنی دارستانەکان و ڕاگواستنی ئاوی کوردستان تا چ ڕادەیەک دەتوانێ کاریگەر بێت لەسەر تێکدانی دیمۆگرافیی ناوچەکە؟**

خۆی لە هەموو شوێنێکی جیهان تێکچوونی ژینگە و گۆڕینی ئاووهەوا کۆچی خەڵکی بەدوادا دێ و زیانی ئابووری لە خەڵک دەدا. گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکان و ڕاگواستنی ئاو بۆ ناوەند هاوکاتە لەگەڵ سووتانی دارستانەکان. هەمووی ئەوانەش دەبێتە هۆی کۆچکردن یان فرۆشتنی زەوی لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچانەوە. هەروەها بەشێک لە سەرمایەدارە غەیرەکوردەکان لە چەند دەیەی ڕابردوودا هاتوون لە کوردستان زەوی و مڵک دەکڕن. هەندێک خەڵکیش زەوییەکانیان دەفرۆشن و خۆیان وەکوو کرێکار لەسەر زەوییەکە دەمێننەوە. فرۆشتنی زەوی زۆر لە کۆچکردن مەترسیدارترە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیی کوردستان.

هەر وەک لە پێشوودا ئاماژەم پێ کرد، کوردستان خاوەن دەوڵەت یان دەسەڵاتی سیاسی نییە کە کۆنترۆڵی کڕین و فرۆشتنی زەوی بکا و ڕێگر بێ لە پێدانی مافی خاوەندارێتی بۆ کەسانی بیانی، بۆیە لە هەموو حاڵەتەکاندا هەر کورد زەرەرمەندی سەرەکییە.

**-خەڵکی کوردستان بەگشتی هەتا ئەو ئاستە بە وشیاریی سیاسیی گەیشتووە کە زەوی و مڵکی خۆی بە داگیرکەر نەفرۆشێت؟**

وشیاریی سیاسی خەڵکی کوردستان بەنیسبەت بەشەکانی دیکەی ئێران زۆر لەسەرترە و بە ڕوونیش دیارە، بەڵام ئەوە بەس نییە. پێویستی بە وشیاریی نەتەوەیی و هەست بە بەرپرسیارییەتیی نەتەوەییە. پێویستی بەو هزرەیە کە تێیدا کوردبوون و ئێرانیبوون دوو چەمکی جیاواز بن، کوردستان و ئێران دوو ناوچەی جیاواز بن. کاتێک لە هزری خەڵکی کورددا کورد وەکوو ئێرانی پێناسە بکرێ، لەلای ئاساییە کە زەوییەکانی بفرۆشێتە ئێرانییەکی دیکە.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا، ئەوە بواری ئابوورییە کە یەکلاکەرەوەیە. هەروەک پێشتر باسم کرد، پیلانی داگیرکەر لەڕووی ئابوورییەوە لەمێژە دەستی پێ کردووە و ئەنجامە نەرێنییەکانی بۆ کوردستان ئێستا دەردەکەون. بواری ئابووری دەتوانێ وشیاریی نەتەوەییش سڕ بکات یان بەلاڕێیدا بەرێ. مرۆڤ هەرچەندیش نەتەوەیی بێ، ژیانی ڕۆژانەی و پەیداکردنی بژێویی ژیانی لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە.

**-گۆڕانی دیمۆگرافیی کوردستان لە داهاتوودا نەتەوەی کورد بە دیاریکراویی بەرەو چ ئاقارێک دەبات؟**

هەرچەندە پێشبینی کردن زەحمەتە، بەڵام بە ڕوانین لە شوێنەکانی دیکەی جیهان، ئەو ئەگەرە هەیە کە بەرەو هەمان ئاقار بڕوا کە زۆر لە نەتەوەکان لە جیهان تووشی بوونە و لە وڵاتی خۆیان بوونە بە کەمینەیەکی بچووک. هەرچەندە کوردستان هێندە بە ئاسانی نابێ بە کەمینە، بەڵام ئەگەر پرۆسەکە درێژە بکێشێ، ئەنجامی خراپی قەرەبوونەکراوەی بۆ کورد لێ دەکەوێتەوە. زۆربوونی ڕێژەی غەیرە کورد و کەمبوونی ڕێژەی کورد، هاوتەریب لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەر و سیستمی پەروەردە و ڕاگەیاندن دەبنە هۆی زاڵبوونی زمان و کولتوور و ئایینی داگیرکەر. بەتایبەت زاڵبوونی غەیرەکورد لە ڕووی ئابوورییەوە لە ناوچە کوردییەکان. چونکە کۆچکردنی چینی سەرەوە و ناوەڕاست بۆ دەرەوەی کوردستان و هاتنی چینی سەرەوەی غەیرە کورد و بوونیان بە خاوەن زەوی، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەی چینی خوارەوە ڕوو لە زیادبوون بکات و ڕێژەی چینی ناوەڕاست دابەزێ.
ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی لەڕووی وشیارییەوە لاواز ببێ. نموونەکەشی هەر ئێستا لە زیادبوونی ڕێژەی کرێکار و کۆڵبەردا دەبینین. بە دەیان نموونەی هاوشێوە لە مێژووی چەند سەدەی ڕابردوودا هەن.

**-ڕۆڵی خەڵکی کوردستان، ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆ ڕێگریکردن لە گۆڕانی دیمۆگرافیی کوردستان لەڕووی نەتەوەییەوە چییە؟**

کێشەکە لەوەدایە کە ئەو گۆڕینە بەشێوەیەک نییە کە بە ڕوونی دیار بێ و خەڵکی کورد و ڕێکخراوەکان دژکردەوە نیشان بدەن، بەڵکوو بە پرۆسەیە و بەشێوەیەکی زۆر نەرم ڕوو دەدات. بۆیەش بە پرۆسەیە، تاکوو گەڕانەوە بۆ دواوەی نەبێ. بۆیەش بە نەرمی بەڕێوە دەچێ، تاکوو خەڵکی کورد لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەستی پێ نەکا واتە پیلانێک کە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی درێژخایەنەوە جێبەجێ دەکرێ، گەڕانەوە بۆ دواوەی نییە و ئەگەریش هەیبێ، دەبێ بە پرۆسەیەکی درێژخایەنتردا تێپەڕێ، کە ئەویش ئەستەمە. بۆ نموونە فەلەستینییەکان چۆن دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەرەتای سەدەی ڕابردوو، ئەو کاتەی کە زۆرینە بوون؟ ئەستەمە. لێرەدا ڕۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕاگەیاندنی کوردی زۆر گرینگە. کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن دەتوانن کۆمەڵگای کوردی لە مەترسییەکانی داهاتووی ئەو پیلانە ئاگادار بکەنەوە، بۆ ئەوەی تاکی کورد تاکێکی بەرپرسیار بێ لەبەرامبەر نیشتمانەکەی و شار و گوند و خەڵکەکەی خۆی.

**-بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پیلانەی داگیرکەر چی لەدەست دێت و دەبێ چی بکات؟**

بزووتنەوەی کوردی لە ناوخۆوە لە ڕێگەی چالاکانی خۆیەوە دەتوانێ ڕوو لە ڕای گشتی، خەڵکی کوردستان لە گۆڕینی دیمۆگرافی ئاگادار بکاتەوە و هۆشداریش بداتە هەر کەس و لایەنێک کە کارئاسانی بۆ ئەو پیلانە دەکەن. لە هەمان کاتدا دەتوانێ ئەو کەسانەش بە جۆرێک ئاگادار بکاتەوە کە لە دەرەوەی کوردستانەوە دێن زەوی دەکڕن یان ئەو کەسانەی زەوی بە کەسانی بیانی دەفرۆشن. دەبێ خەڵک لە بێنرخبوون و بەتاڵبوونی ڕێککەوتنەکان لە داهاتووی دوای کۆماری ئیسلامی ئاگادار بکاتەوە، بەو شێوەی لە کەرکووکی دوای ڕێژیمی بەعس ڕوویدا واتە لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و چالاکیی نهێنی و کەسانی ناسراوی کۆمەڵگا و مامۆستایانی ئایینی و بە شێوەی جۆراوجۆر هەر دوو لایەنی ڕێککەوتن دەبێ لەوە ئاگادار بن کە لە داهاتوودا ئەو ڕێککەوتنانە هەڵدەوەشێندرێنەوە. هەروەها دەبێ لە ئاستی نێونەتەوەییشدا کاری لەسەر بکرێت.



## "چەند کۆپلەشێعر و نەرمەلێزمەی شاعیری تاراوگە ، نادر ئەڵڵایاری بۆ پێشمەرگە "

هەرگیز جێتان ناهێڵین
یەکەم بەڵێنی یەکەم ساڵی سەدە
یەکەم یادگاری کۆمار
بە خاک و خەڵکی بدا
خاک ئەوێتە سەنگەری
خەڵک بۆی پشتوێنی نێو قەدە

خۆشمان دەوێی
وەکوو هیوا و ئاوات
چەشنی باران
کە دائەکا
لەسەر باڵات
وەک ئەو مناڵەی
لە سروودا ناوت ئەبات
پێشمەرگە
تاقە هیوای وڵات

تا بە ئێستاش کەس نازانێ
دڵی کوردستان لە کوێیە
هەرجارەو لە شوێنێ لێدەدا
بۆ داگیرکەر سکڵی سوورە
هەوێنی بوونی من و تۆیە

ئەپرسێ هی کام وڵاتە
جوانترین دیمەن؟
دەڵێم: کوردستان، وڵاتی من
دەمەو تاریکان
کە خۆر هەڵدێ!
دەڵێ: گاڵتەم پێ مەکە .... بەکام بەڵگە؟
وێنەیەکی پیشان دەدەم
لە تەنیشت شاخێکەوە پێشمەرگە دەردەکەوێ!!!

تۆ ببینە ڕیزەماڵ
ئەز ئەبینم زنجیرەشاخ
کۆڵان و شەقام ببینە
من ئەبینم، جۆگە و ڕووبار
مەکتەب و مزگەوت و سینەمات بێتە بەرچاو
من ئەبینم، مەتەرێز، گاشەبەرد، گوێزەبانان
هەر بە هێلانەی تەیر و چۆلەکە بدە لەقاو
من ئەبینم
کەمینگەی هەڵۆ و تەوار
بڕوام پێ دێنی
ئەو دەمەی لە سووچەبانی تۆڵەوە دەدەن لە شەقەی باڵ
داگیرکەر بێ یاکوو تۆ جاش!
سزا دەدرێن بە دەس پێشمەرگەی شار

## دوو کورتیلەچیرۆک لە نادر ئەڵڵایاری (هەرمان)



### بەسیجی

یەک لەسەر سێی خەڵکی شار ڕژابوونە سەر شەقام و دروشمیان دەدا. هێزەکانی ڕێژیم بێبەزەییانە پەلاماریان دان؛ بڕێک بریندار بوون و چەند سەد کەسیش گیران و کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هێنرا!
ڕۆژی دواتر هەموو بە مەرج ئازاد کران جگە لە حەفتا کەسێ کە بەسیجی نەبوون!



### فەرموو بینووسە...

دوێکە ئێوارە چاوم پێت کەوت. نایێژم نەگۆڕابووی... نا! هەر ئەو چکە گۆڕانەش بووە هۆی ئەوەی دوای ئەو هەموو دڵئێشانە سڵاوێکت ڕەوانە بکەم. ئەزانم نەتبیست چون من لە وێنەکەت ڕامابووم. وێنەی ژێر پۆستەکەتم دی، زەمەن ڕواڵەتی گشت کەس ئەگۆڕێ بەڵام ناتوانێ گۆڕان لە بیری هەموو کەسا بەدی بێنێ. لە خوێندنەوەی نووسینەکەت بوومەوە، دەسخۆشانەشم بۆ بەڕێ کردی. هیوادارم ئەو پیتانەی لە وشەدا یەکیان گرتەوە چینچین ببنە پاکڵ بۆ کردەوەش!

........................................................

هاوڕێی خۆشەویست، ئەم نووسراوە ناتەواوە و نیو دێڕی ماوە!
بەڕێزت چۆنی تەواو دەکەیت، فەرموو بینووسە!

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No :809 22 October 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠٠ هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران .

### ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

**دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییان:**

ڕۆژی شەممە ١٧ی ڕەزبەر، ٥ هاووڵاتی بە ناوەکانی «فاروق سلێمانپوور» کوڕی سلێمان، «مەسعوود سلێمانپوور» کوڕی سەلیم، «موحسێن سلێمانی» کوڕی قادر، «دیار سلێمانپوور» کوڕی خزر خەڵکی گوندی «خورخوڕە» و «ئارش فەرشادفەر» کوڕی فەتاح خەڵکی شاری مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆژی شەممە ١٧ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەک بە ناوی «سامان محەممەدی»، خەڵکی کامیاران، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لە بانە دەسبەسەر کرا.

هەواڵدەریی مافی مرۆیی «هێرانا» ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی ڕەزبەر، باسی لە دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «خەدیجە مێهدی‌پوور»، تەمەن ٣٤ ساڵ و خەڵکی شاری ئیلام، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی ڕەزبەر، ژنێک بە ناوی «سۆعدا خەدیرزادە»، کچی ڕەحیم و خەڵکی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شەریف ئەمینی»، تەمەن ٣٧ ساڵ، کوڕی ئەحمەد و خەڵکی گوندی «شوێ» سەر بە بانە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کراوە.

ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی ڕەزبەر، دوو هاووڵاتیی خەڵکی بانە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کران.

هەواڵنێری کوردپا، شوناسی ئەو دوو کەسە دەسبەسەرکراوەی بە ناوەکانی «موتەلیب فەرەجی»، تەمەن ٣٨ ساڵ و «دانا فەرەجی»، تەمەن ٢٠ ساڵ، ڕاگەیاندووە.

هەواڵدەریی مافی مرۆیی «هێرانا» لە هەواڵێکدا، باسی لە دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری دێهلۆران سەر بە پارێزگای ئیلام، لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانەوە لەو شارە کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی ڕەزبەر، عوسمان ئیسماعیلی، چالاکی کرێکاری و خەڵکی سەقز، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لەبەردەم ماڵەکەیدا دەسبەسەر کرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابروودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «دیاکۆ لوتفی» کوڕی کەریم خەڵکی شاری بۆکان، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

**بانگهێشتکردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:**

ڕۆژی شەممە ١٧ی ڕەزبەر، سێ کاسبکاری سەقزی بە ناوەکانی «فاتێح و فەرهاد سۆهرابی و ئەحمەد شێخ ڕەحیمی»، لەلایەن ئیتلاعاتی شاری سەقزەوە بانگهێشتی ئەو ناوەندە حکوومەتییە کران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا.

ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی ڕەزبەر، ڕۆژنامەوانێکی کورد بە ناوی «جەبار دەستباز»، بانگهێشتی ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە و لێپرسینەوەی لێ کراوە.

**ڕەوانەکردنی هاووڵاتییان و داسەپاندنی سزای زیندان:**

ڕێکەوتی ٢٩ی خەرمانان، دوکتور «ناسر هیمەتی» دەروونناس، نووسەر و شاعیری خەڵکی شاری ئابدانانی ئیلام، بە ساڵێک زیندان مەحکووم کرا.

حوکمی زیندانیی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەعید تابناک»، خەڵکی شنۆ لە دادگای پێداچوونەوەدا، بۆ ٤ ساڵ و ٢ مانگ کەم کرایەوە.

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئەنوەر چالشی»، خەڵکی گوندی «لۆرزنە» و «کامیل سەیدان مەسکەن (جەباروەند)»، خەڵکی گوندی «چریاوا» سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕ، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی ورمێ، هەر کامەیان ٧ ساڵ زیندانی تەعزیرییان بەسەردا سەپاوە.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەلی زولفی» کوڕی حەمزە و خەڵکی شاری بۆکان، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی، ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

ئیبراهیم (شۆڕش) شووریانی، چالاکی میدیایی و بەڕێوەبەری کاناڵی تێلێگرامیی «پرسە و سەرەخۆشییەکانی بانە»، بەبێ ئامادەبوونی لە دادگا، لەلایەن دادسەرای گشتی و ئینقلابی بانە، ٧ مانگ زیندانی تەعزیری بەسەردا سەپا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابروودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «حەسەن فەرەجی»، تەمەن ٤٤ ساڵ، کوڕی محەممەد و خەڵکی گوندی «لەنجاوا»ی شاری مەریوان، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، ١٠ مانگ زیندانی تەعزیری بەسەردا سەپا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەدتاهیر حوسێنپوور»، تەمەن ٢٦ ساڵ، کوڕی ڕەزا و خەڵکی نەغەدە، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە ١٥ مانگ زیندان مەحکووم کرا.

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:**

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێک بە ناوی «ژیان عەلیپور»، خەڵکی گوندی «بێژوێ» سەر بە سەردەشت، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی کوژرا.

شەوی ڕابردوو بەهۆی پێکدادانی دوو ماشین لە جۆری «سەمەند و ئیستەیشن» کە ژمارەیەک کۆڵبەریان سوار کردبوو، دوو کۆڵبەر گیانیان لەدەست دا و سێ کۆڵبەریش بریندار بوون.

شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرە کە گیانیان لەدەست داوە بریتییە لە «سامان مەحموودی»، خەڵکی گوندی «سوێرو» و «جەماڵ محەممەدی»، خەڵکی گوندی «کۆخەمامۆ»، سەر بە شاری بانە، ڕاگەیەندراوە.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، کۆڵبەرێک بە ناوی «حامید فەقیهی»، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی لە سنووری نەوسوود، بە توندی بریندار بووە.

**تەقینەوەی مین:**

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی ڕەزبەر، ئەندامێکی هێزە نیزامییەکان لە ناوچە سنوورییەکانی نەوسوود، بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بووە و لاقی چەپی لەدەست داوە.

بەخشداری نەوسوود شوناسی ئەو ئەندامەی هێزە نیزامییەکانی بە ناوی «ڕەسووڵ ڕەحمانی»، تەمەن ٣٥ ساڵ، ڕاگەیاندووە کە لە سنووری «تاقە دار»ی نەوسوود کەوتووە بەسەر یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و تووشی ئەو ڕووداوە بووە.

ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئارام ئەحمەدی»، کوڕی والی و خەڵکی گوندی «زمکان» سەر بە شاری سەلاسی باوەجانی، بەهۆی تەقینەوەی مین لە شاری بێستوون، لاقی بریندار بوو.

سەر لە بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی ڕەزبەر، تەقینەوەی مین لە یەکێک لە پایگا چۆڵکراوەکانی گوندی «جانداران» سەر بە مەهاباد، برینداربوونی لاقی هاووڵاتییەک بە ناوی «زانیار عەبدوڵڵاهی» لێ کەوتەوە.


**برینداربوون و گیان لە دەستدانی کرێکاران:**

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی ڕەزبەر، کرێکارێکی تەمەن ٢٠ ساڵ، خەڵکی شاری قوروە، لە کاتی کارکردن لە بینایەکی چوار نهۆمیدا بەربوویەوە و بە سەختی بریندار بوو.

لە لایەکی دیکەوە، هەواڵدەریی «ئیلنا» باسی لە گیانلەدەستدانی کرێکارێکی سەقزی بە ناوی «ئومید شافێعی» کردووە کە بەهۆی بەربوونەوەی دەزگای باڵابەر لە بینایەکەی سێ نهۆمیدا، بریندار ببوو.

**لە سێدارەدانی هاووڵاتییان:**

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران کە







هەواڵی لەسێدارەدانی هاووڵاتییان لە کوردستان و ئێران ڕووماڵ دەکات، باسی لە لەسێدارەدانی دوو زیندانی بە تۆمەتی «کوشتنی بەئەنقەست» کە بە «قیساس» مەحکووم کرابوون لە زیندانی دیزلاوای شاری کرماشان، کرد.

ئەو سەرچاوە مافی مرۆییە، شوناسی یەکێک لەو دوو زیندانییە لەسێدارەدراوەی بە ناوی «محەممەد لەتیفی»، تەمەن ٢٣ ساڵ، ڕاگەیاندووە.

لە لایەکی دیکەوە هەمان سەرچاوە لە هەواڵێکی دیکەدا، باسی لە مەترسیی لەسێدارەدانی هاووڵاتییەکی مەریوانی بە ناوی «تالیب هیجرەتی‌پوور»، تەمەن ٣٣ ساڵ، کوڕی محەممەد و خەڵکی گوندی «بەردەڕەشان»ـی مەریوان لە زیندانی ناوەندیی شاری سنە، کرد.

**خۆکوژی ژنان و پیاوان و کوژرانی ژنان:**

ڕۆژی هەینی ٢٣ی ڕەزبەر، ژنێک بە ناوی «لەیلا شەکیبا»، کچی فەتحوڵڵا و خەڵکی سنە، بەدەست هاوسەرەکەی لە یەکێک لە ماڵەکانی هەڵکەوتوو لە شەقامی «ڕۆکنا»ی هەمەدان کوژرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی ڕەزبەر، مێرمنداڵێک بە ناوی «مەتین عوسمانی»، کوڕی کامیل و خەڵکی گوندی «خۆشالان» سەر بە ورمێ، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی ڕەزبەر، لاوێک بە ناوی «ماشائەڵڵا ئازەرەخش»، تەمەن ١٨ ساڵ، کوڕی گرمان و خەڵکی گوندی «ڕەشگوند» سەر بە ناوچەی دەشتەبێڵی شنۆ، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

KURDPA